

یادی ١٠٠ ساڵەی

# حەسەن زیرەک

ئەنوەر سوڵتانی

# چەند سەرنجێک لە ژیان و هونەری حەسەن زیرەک

# بەبۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونیەوە



نووسینی: ئەنوەر سوڵتانی

## پێرست:


یەکەم، ژیانی تاکەکەسی و بنەماڵەیی زیرەک ...... ١
شەجەرەنامەی زیرەک ...... ٤
فۆڕمی 'اظهارنامە'ی باوک بۆ دەرکردنی ناسنامەی زیرەک و ناسنامەکە خۆی ...... ٥
ساڵ و مانگ و ڕۆژ و شوێنی لەدایکبوونی زیرەک ...... ٧
مەسەلەی ناسناو، یان پاشگری ناسناو ...... ١٠
باری چینایەتی/کۆمەڵایەتی زیرەک و بنەماڵەکەی ...... ١٣
زیرەک و سیاسەت ...... ١٥
کەسایەتی زیرەک ...... ٢٠
نەخۆشی و ماڵئاوایی لە ژیان ...... ٢٦
بەشی دووهەم، کارە هونەرییەکانی زیرەک ...... ٢٧
سەرچاوەکانی مۆسیقای زیرەک ...... ٢٧
کێشەی "ناو"ی گۆرانییەکانی زیرەک ...... ٤٠
ناوچەی جوغرافیایی گۆرانییەکان ...... ٤٢
تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای زیرەک لە زمان مامۆستایانی مۆسیقاوە ...... ٤٣
پاشکۆ ...... ٤٦

له سەدەمین ساڵی ئەو ڕۆژەی وا دەگوترێ ڕۆژی لەدایکبوونی هونەرمەندی مەزنی کوردستان، حەسەن زیرەک بێت، ئاوڕدانەوە لە ژیان و کارە هونەرییەکانی گرنگایەتی تایبەت پەیدا دەکات. سەرەڕای ئەوەی زیرەک یەک لە ناسراوترین هونەرمەندانی بواری مۆسیقای کوردییە، هێشتا گەلێک لایەنی نادیار لە ژیان و هونەریدا هەن کە تا ئەمڕۆ ڕوون نەبوونەتەوە. ئەم وتارە تەنیا هەوڵێک و هەنگاوێکە لە بواری ناسین و ناساندنی زیرەکدا و لاموانییە بتوانێ لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی نووسەر نە پسپۆڕی مۆسیقایە و نە هاوکار و هاودەمی هونەرمەندەکە بووە کە ئاگای لە ژیانی بووبێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت، هاوسەردەمی بووە و لەشارەکەیدا ژیاوە و خۆی و بنەماڵەکەی ناسیون، هەر ئەوەندە و بەس!
یەک لە خاڵە دەگمەنەکانی هونەری زیرەک ئەوەیە دوای ماوەیەکی سەدساڵە، هێشتا دەنگی لە هەموو لایەکی کوردستان دێتەگوێ و خۆشەویستی و ئاوازەی لای کۆمەڵانی گەلی کورد لە کەمیی نەداوە. بڵێی شێوازی ژیان و گۆڕینی شوێن و هاتوچۆی زۆری شارەوشار و تۆمارکردنی گۆرانی لە چەندەها گوند و شار و ماڵ و ستۆدیۆ و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، یەک لە هۆکارەکانی ئەو "هەرمان"ە بێت؟ ئەگەر نا، چی لە کەسایەتی و هونەری ئەودایە کە بەو شێوەیە بردوویەتە دڵ و دەروونی بەشێکی زۆری گەلەکەمانەوە لایکەم لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان؟ با بەدوای ئەو خاڵە سەرەکییانەدا بگەڕێین کە زیرەکی ئاوا تایبەتمەند کردووە.
دیارە دەتوانین هەندێک تایبەتمەندیی دەست نیشان بکەین کە یارمەتیدەری ئەو سەرکەوتووییەبوون، وەک دەنگ خۆشی، توانای هونەری، شاعیری، هەوڵی نوێکردنەوە و ژیاندنەوەی گۆرانییە کوردییەکانی پێش خۆی، وەرگرتنی مۆسیقای بێگانە و کورداندنیان، کەسایەتییەکی خاکی و نزیک لە دڵان، سەوداییی بوونی ڕۆح و نائارامی و تاڕادەیەک ناسازگاری لەگەڵ بارودۆخی مەوجوود و پەلهاویشتن بۆ دادێیەکی باشتر و نەحاوانەوە لە یەک شوێن و یەک شار و یەک وڵات و لە ئەنجامدا ناسیاوبوونی لای کۆمەڵانێکی زۆری خەڵک لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و گەیشتنە سەر ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و سنە مەهاباد و تەورێز و تاران و کرماشان هەروەها گۆرانی و سروود گوتن بۆ بۆنە و موناسەبەی جۆربەجۆرو....
بەڵام لای من، هۆکاری هەرەگرنگ و سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی خۆشەویستیی زیرەک لای کۆمەڵانی خەڵک و زیندوومانەوەی گۆرانییەکانی لەو ماوە دوورودرێژەدا، 'پەیوەندی نزیکی ئەوە لەگەڵ فەرهەنگ و داب و نەریتی بیسەرانی گۆرانییەکانی'. کورد گۆرانیبێژی کەم نەبووە و زۆرێک لەوان دەنگ خۆش و خۆشەویستی لای خەڵک بوون، بەڵام بۆچی گۆرانییەکانی زیرەک زیاد لە هەموو گۆرانیبێژێکی دیکەی کورد کۆپی دەکرێن و چەند نموونەی خۆی بە جل وبەرگی هاوشێوەی ئەوەوە، لە شار و ناوچەکانی کوردستان سەرهەڵدەدەن و گۆرانییەکانی بە بێ دەست تێوەردان و

گۆڕانکاریی (تەنانەت لە شیعرە فۆلکلۆرییەکانیشی) دەڵێنەوە؟ چی لە مۆسیقای زیرەکدایە کە توانیویەتی سنووری زەمەن ببڕێت و لە سەردەمی ژیانی خۆیەوە بیگەیەنێتە نەسلی دووهەم و سێهەمی دوای ئەو؟ بەکورتی، ڕاز و ڕەمزی بەردەوامبوونی خۆشەویستیی هونەری زیرەک تا ماوەیەکی سەدساڵە و واهەیە دوای ئێمەش، چییە؟

بەبۆچوونی من، وەڵامی پرسیارەکە لە بەردەوام بوون ودرێژەی فەرهەنگی سەدساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا دەدۆزرێتەوە. لەلایەکەوە مۆسیقای گۆرانییەکانین کە بەشێکی زۆری خەڵک دەگەڕێننەوە سەردەمی کۆنی ژیانیان و برینی نۆستالژیکیان سارێژ دەکەن؛ لەلایەکی دیکەوە شیعری گۆرانییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بەشێک لە کۆمەڵگاکەمان ئێستاش لە هەل ومەرجی ژیانی خێڵەکیدا ماونەتەوە و ئێستاش سەرەک هۆزەکان خاوەنی دیوەخانن و وەک سەرەک عەشیرەیەک دەجووڵێنەوە، خەڵکی دەوروبەریشیان خۆ بە بەشێک لەو عەشرەتە دەزانن و دەناسێنن. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، خەڵکەکە لەجیاتی شیعری پاکردە و بێ گرێ وگۆڵی دانیشتووانی شار، حەزیان لە شیعرێکە بتوانێ ئاوێنەی فەرهەنگی ساکاری گوند و داب ونەریتی ژیانی ناو چیغ و چادریان بێت و داب و ڕەسمی ئەودەمانەیان بۆ زیندوو ڕابگرێت. شیعری وەک "حەیفە بۆ ماینی کەحلان سواری بێ گۆڵەبارگین!"ی زیرەک،[1] کە لایەنێکی ئەو ژیانە دەردەخات، لە فەرهەنگی شاردا جێگەی بۆ نییە و بە ناحەز لەقەڵەم دەدرێت؛[2] بەڵام لە ناو خێڵەکاندا نەک هەر ڕقیان لێی نابێتەوە بەڵکوو دەیڵێنەوە و دووپاتیشی دەکەنەوە. نموونەکەی، هونەرمەند 'ئەحمەد شەماڵ'ە کە ئەمڕۆ بیسەر و لایەنگری زۆری لە هەندێک بەشی باشووری کوردستان هەیە و بەشێک لە ئاواز و شیعری گۆرانییەکانی، هەمان ئەوانەن وا زیرەک دەیگوتن.

هەرچۆنێک بێت، ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ دووان لە هەندێک لایەنی ژیانی زیرەک کە توانیویەتی ناو و هونەرەکەی زیندوو ڕابگرێت و لەسەر زمانی خەڵکی بهێڵێتەوە.

---

[1] . گۆرانیی 'دەنگ دێ لە شیلانەکەی'.

[2] . من لە ڕێزدار ئەسعەدی سیراجەددینی (فەرمانبەری ڕادیۆی کوردیی تاران و کرماشان و هاوکاری زیرەک)م بیستووە، کە لە کاتی گۆرانیگوتنی زیرەکدا، کەسێک تایبەت کراوە بۆ "گوێگرتن لە شیعری گۆرانییەکانی و ئەوەی نەکا بە ڕەسمی ژیانی ساکاری گوندەکان، ناوی خەڵکانێک لە گۆرانییەکانیدا بدرکێنێت" بۆ نموونە، زیرەک لە گۆرانییەکی سەردەمی ڕادیۆ بەغدایدا، باس لە 'دانرانی حەمامی نمرە' لە بۆکان دەکات و ئەوەی ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوان بەرپرسی بەرێوەبردنی حەمامەکەیە. ئەوەندەی لەبیرم بێت، ئەو حەمامە، ناوی حەمامی نادر بوو کە حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە بە ناوی کوڕەگەورەی خۆیەوەی کردبوو؛ لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٦ و ٥٧ دا لە باشووری مزگەوتی جامیعی بۆکان  کرایەوە و ڕەشێدی ڕۆستەم پاڵەوانیش پیاوی ماڵی حەمەدەمین ئاغا بوو، بەڵام ئەو چەشنە شیعرانە لە گۆرانییەکانی سەر ڕادیۆ تاران و کرماشانیدا نابیسرێت. ئاشکرایە بەشێک لەو چاوەدێرییە دەبێ بۆ 'پاکردە و ئەمڕۆیی بوونی شیعرەکان بەگشتی' بووبێت.

# یەکەم، ژیانی تاکەکەسی و بنەماڵەیی زیرەک

حەسەن کوڕی دادە 'ئامینە' و کاک 'عەبدوڵڵا' بوو. بنەچەکی کاک عەبدوڵڵا و خوشکێک و دوو برای، (ڕەزیە، کەریم و حامید)، بەهەمان شێوە دایک و باوکی ئەوان واتە کاک 'ڕەحمان' و خات 'شەمام' (کە دایەگەورە و باوەگەورەی حەسەن زیرەک بن)، لە شاری بۆکان و دەوروبەری پەنگی دەخواردەوە[١]؛ باوانی دادە ئامینەی دایکی دەگەڕایەوە بۆ دەوروپشتی شاری شنۆ.[٢]

دادە ئامینی ناسراو بە 'ئامینە کەیفیێ' و کاک عەبدوڵڵا- دایک و باوکی زیرەک، پێنج منداڵیان بوو: حەمەدەمین (مینە)، حەسەن، سارا، زبێد و حوسەین. دوای حەمەدەمین، حەسەن دەبووە منداڵی دووهەمی ئەو ژن و مێردە.[٣] کاک عەبدوڵڵا پێش دادە ئامینە، هاوسەرێکی دیکەی بووە، کە بەداخەوە نەمتوانی بزانم ناوی چی بووە بەڵام دەزانم کچێکیان هەبوو بە ناوی زیبا، کە میردی بە پیاوێکی ئازەربایجانی کردبوو و ئەوانیش ببوونە خاوەنی پێنج کچ، کەئێستا هەرکام مێرد و منداڵی خۆیان هەن.

مخابن، لە کاتی نووسرانی ئەم دێڕانەدا، دایک و باوک و خوشک و برای حەسەن زیرەک هیچکامیان لە ژیاندا نەماون و کاک حوسەینی براچکۆلەشیان لە مانگی سێپتامبری ٢٠٢١ دا (دوو مانگێک پێش ئێستا)، کۆچی دوایی کرد، لە ئەنجامدا وەرگرتنی زانیاریی ورد سەبارەت بە سەردەمی منداڵی و لەدایکبوونی زیرەک تا ڕادەیەکی زۆر، ئەستەمە و زانیارییەکانی ئێمە تەنیا دەتوانرێت لە سەر چەند کۆڵەکەیەک بوەستێت:

- دەقی ژیننامە شیعرییەکەی زیرەک خۆی، کە بەناوی 'چریکەی کوردستان' لە تاران چاپکراوە و باوەکوو نوسخەی دەست ناکەوێت، بەڵام دەکرێ لە هەندێ کتێب وەک "گەوهەرێ —گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک"، نووسینی کاک عوسمان شا\ارباژێڕی دا بدۆزرێتەوە[٤]
- '*ورقه اظهارنامه سجل احوال*'ی باوکی، کە بریتی بێت لە فۆڕمێکی فارسی بۆ داواکردنی ناسنامەی حەسەن لە 'اداره ثبت احوال بوکان'
- ناسنامەکەی خۆی
- بیرەوەریی هەردوو هاوسەر (مێدیا خانم زەندی و ڕابیعەخانم)

---

[١] دەشگوترێ باوباپیریان خەڵکی گوندی "قەرەمووسالیان"ی باکووری بۆکان، بەرەو شاری میاندواو بووبێتن.

[٢]. ئەوە قسەی کاک حوسەینە کورد، براچکۆلەی حەسەن زیرەک بوو لە وتووێژێکدا کە دواتر باسی لێوەدەکرێت.

[٣] ئەو زانیارییانە لەسێ سەرچاوە وەرگیراون: کاک حوسەینە کورد براچکۆلەی زیرەک و کاک شۆڕش دیاکۆ نەوەی کاک مینە زیرەکی براگەورەی حەسەن زیرەک. سپاسی زۆر بۆ بەڕێزان نادر فەتحی (شوانە)، حوسەین سالمی بۆکانی و ئازاد محەمەدیان کە ئەرکی پەیوەندیگرتنەکانیان بەڕێوەبرد و ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی کارەکانی ئەوانەوە دەستەبەر کران.

[٤] چاپی ساڵی ١٩٨١، بەغدا

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- قسەکانی کاک حوسەینی برای، کە لەناو ئازەرییەکانی ناوچەی موکریان و ئازەربایجاندا بە 'حوسەینە کورد' ناوی دەرکردووە، لە کاتی نووسرانی بەشێک لەم دێڕانەدا، سەرەڕای تەمەن و نەخۆشی و لە جێگەدا کەوتن، بەختەوەرانە تا ڕادەیەکی زۆر، لەسەر هۆش و وریا بوو و وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی بە باشی و ڕوونی دەدایەوە

- بیرەوەریی خزم و کەس وکاری دیکە ودۆست و هاوڕێ و ناسیاوەکانی زیرەک

سەبارەت بە بیرەوەریی خەڵکانی دەوروبەری زیرەک دەبێ بگوترێ باسوخواسی ژیانی ئەو، وەک هەموو کەسایەتییەکی ناوداری دیکە، تێکەڵاوی "حب و بغض" و گۆڕانکاری و لەبیرچوون و ئەملا وپێش ودواکەوتنی ڕێکەوتی ساڵ و مانگ بووە، بەڵام خاڵە گشتی و سەرەکییەکانیان دەکرێ بە پارێزەوە وەربگیرێن.

من بۆ نووسینی بەشێک لەم دێڕانە،

- بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە دوو ڕێگەوە پەیوەندیم بە کاک حوسەینی برای زیرەکەوە کرد و بەشێک لەو زانیارییە کۆنکرێتانەی وا لە خوارەوە دەکەونە بەرچاو، لەڕێگەی ئەووەوە دەستم کەوتن:

یەکەمیان لە ڕێگەی کاک نادر فەتحی و ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بوو. کاک نادر بە هاوکاریی کاک حوسەین سالمی، توانی لە ڕێگەی واتسئەپەوە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ کاک حوسەینەکورد بکات کە لە ماڵی خۆی لەجێگەدا بوو بەڵام بەڕوونی وەڵامی پرسیاری ئەوانی دەدایەوە و ئەوانیش بە دەنگ و ڕەنگ تۆماریان دەکرد. دووهەمیان لە ڕێگەی کاک شۆڕش دیاکۆ، نەوەی کاک حەمەدەمین براگەورەی زیرەکەوە. کاک شۆڕشیش من توانیم بەهۆی کاک ئازاد محەمەدیانەوە پەیوەندی پێوەبکەم و بەختەوەرانە ئەویش بە ڕووی خۆشەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدامەوە یاخود لە کەسوکارەکەی خۆی دەپرسی ئەودەم بەمنی ڕادەگەیاند. ئەو دوو پەیوەندییە لە هاوینی ئەمساڵدا بەڕێوەبران کە کاک حوسەینەکورد هێشتا لە ژیاندا مابوو.

- تاووتوێی 'اظهارنامە'کەی 'ثبت احوال بوکان'، هەروەها ناسنامە فەرمییەکەیم کرد، کە یەکەمیان لە سەر وێبسایتی فەرمیی ئیدارەکەش دانراوە

- سوودم لە هەندێک بیرەوەریی خەڵکانی دەوروبەری ژیانی زیرەک بینی

- وتار و بابەتی هەمەچەشنەی سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان کە بەبۆنەی سەد ساڵەی زیرەکەوە گردوکۆکراون، ژمارەیان دەگاتە ٦٠ و ٧٠ بابەت. ئەوانە سەرچاوەیەکی باش و ئامادەبوون بۆ توێژینەوەکانی من

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان


- کەڵکم لەو زانیارییانەش وەرگرت کە ڕێزدار برایم فەڕشی و هاوکارەکانی لە شانۆی کۆچەر بەبۆنەی یادی ٧٥ەمین ساڵی لەدایکبوونی زیرەکەوە، لە ئاڵمانیا گردوکۆیان کردبوون و بەشێکیان ئێستا لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان دانراون. هەروەها سوودم لە کتێبی ئەلێکترۆنیی کاک برایم بەناوی 'زمانی دوولا' بینی، کە وتوویژی مامۆستا محەمەد ڕەمەزانی لەگەڵ مام عەلی یاسەمەنی و میدیا خانمی زەندی و چەند بابەتی دیکەی گرتۆتە بەر.

لە ئەنجامی ئەو پرسوجۆیانەدا ناوی کەسوکاری زیرەکم بە یارمەتی وەرگرتن لە بەڕێز شۆڕش دیاکۆ، کچەزای کاک مینە زیرەکی براگەورەی حەسەن زیرەک، تا ئەو ڕادەیەی گونجا، گەڵاڵە کرد و برای بەڕێزم کاک نادر فەتحی، خستیە قاڵبی دارێکی بنەماڵەیی (شەجەرەنامە)، کە لێرەدا دەکەوێتە بەرچاو:

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# شەجەرەنامەی حەسەن زیرەک




- ناوەکان بە هاوکاری کاک شۆڕش دیاکۆ نووسراون.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# فۆڕمی 'اظهارنامە'ی باوک بۆ دەرکردنی ناسنامەی زیرەک و ناسنامەکەی خۆی

فۆڕمی 'اظهارنامە'، بەڵگەیەکی فەرمیی حکوومەتی ئێرانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییە که باوک یان دایکی منداڵ پڕیان دەکردەوە و داوایان دەکرد شناسنامە بۆ منداڵەکەیان دەربکرێت. فۆڕمێک ئێستا لەسەر سایتی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکان دانراوە کە لە لایەن کاک عەبدوڵڵای باوکی زیرەکەوە پڕکراوەتەوە و دوو شایەدیش پەسندی زانیارییەکانی ئەویان کردووە. شایەدەکان دوو بازرگانی بۆکانین. فۆڕمەکە لە ١٣١٧/٧/١٦ ی هەتاوی (١٩٣٨/١٠/١١) دا پڕکراوەتەوە و تێیدا شوێنی لە دایکبوونی زیرەک بە بۆکان و ڕۆژی لە دایکبوونی بە ١٣٠٠/٩/٨ ی هەتاوی (١٩٢١/١١/٢٩) ڕاگەیەنراوە.[٥]

لەو ساڵانە و ساڵانێکی زۆری دوای ئەویشدا نەک هەر ڕۆژ و مانگ، بەڵکوو کەمتر وابوو ساڵی لەدایکبوونی بەشێکی زۆرێک لە منداڵان لە سەر ناسنامەکەیان، ڕاست و بێ هەڵە بنووسرێن.[٦] جیالەوەی تۆمارکردنی تایبەتمەندییەکانی تاک و بنەماڵە لە لایەن دەسەڵاتدارییەکی زۆردار و ملهوڕەوە جێگەی گومان و ناڕەزایی خەڵک بوو، دوای ئەوەی یاسای بە ئیجباری گرتن واتە بردنی کوڕان بۆ سەربازییش لە ساڵی ١٣٠٣ (١٩٢٤)دا لە مەجلیسی ئێران پەسەند کرا، ئیتر دۆخەکە خراپتر بوو لەبەر ئەوەی بردنی لاوان بۆ سەربازخانەی شارە دوورەکان و دوور خستنەوەیان لە کار و بەرهەمهێنان و یارمەتیدانی ئابووریی بنەماڵە، بووە جێگەی تووڕەیی و ناڕەزایی قووڵی کۆمەڵانی خەڵک[٧] و بنەماڵەکان بۆ هەڵاتن لەدەست 'ئیجباری' و خزمەتکردنی دەوڵەت، ئاڵ وگۆڕی هەڵە و ناڕاستیان لە ڕێکەوتەکاندا پێکهێناوە. کاتێ ئەو یاسایە لە ئێران هاتە کایەوە و بە ئیجباری گرتن بوو بە فەرمانی حکوومی، زیرەک لە ١٧ ساڵاندا مەترسیی زۆری گیران و بران بۆ ئیجبارییی لەسەر بووە هەربۆیەش ئەگەری ئەملا و ئەولاکرانی ساڵ و مانگی لەدایکبوونەکەی بە دوور نازانرێت.

هەرچۆنێک بێت، بەگوێرەی فۆڕمەکە، ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوونی هونەرمەند حەسەن زیرەک بریتین لە ١٣٠٠/٩/٨ ی هەتاوی (بەرانبەر بە ١٩٢١/١١/٢٩ی زایینی) و دیارە، جگە لە چریکەی کوردستانەکەی زیرەک خۆی (کە دواتر دەچمەوە سۆراغی)، هیچ ڕاگەیاندنێکی هونەرمەندەکە،

---

[٥] دیارە ئەو وێنە ناحەزەی زیرەک بە جل وبەرگی کوردییەوە کە لە لای ڕاستی بەڵگەنامەکە دانراوە پەیوەندی بە فۆڕمەکەوە نییە و دواتر فەرمانبەرانی ئیدارەکەوە لەسەر ئەو لاپەرەیەیان داناوە.

[٦] . هەندێک کەس بۆ ئەوەی کوڕەکەیان درەنگ ببرێتە سەربازی، تەمەنیان بە بچووک دەنووسی بەڵام بە پێچەوانە، بۆ ئەوەی کچەکەیان بتوانێ زووتر مێرد بکات، تەمەنیان بە زیادەوە بۆ تۆمار دەکرد؛ بانێک و دوو هەوا! هۆکاری ئەو هەوڵە بۆ کچان، یاسایەکی ساڵی ١٣١٣ [١٩٣٤] ی ئێران بوو کوە تەمەنی زەواجی قانوونیی کچانی بە ١٥ ساڵان ناساندبوو.

[٧] . کوڕم گەورەکرد بەقەندی شارییی/ ڕەزاشا بردی لەبۆ ئیجباری. ڕەببی ڕەزاشا جووت کوڕت بمرێ / قەت بووە ئیجباری لە کوردان دەگرێ!

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

یاخود نیشانە و بەڵگە و نووسراوە و بیرەوەری گێڕانەوەیەکی کەسانی دیکەمان بەدەستەوە نییە دژ بەو ڕێکەوتە بوەستێت، بە ناچار دەبێ لە ئێستادا وەک ڕاستەقینەیەک وەری بگرین، مەگەر لە دواڕۆژدا زانیارییەکی متمانە پێکراوی دیکە دەربکەوێت.

*کۆپیی فۆرمەکە، لە سایتی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکان وەرگیراوە و لە پاشکۆی وتارەکەدا دانراوە.*

## ناسنامە

ناسنامە (شناسنامە)ی حەسەن زیرەک، کە دەبێ بەشوێن 'اظهارنامە'ی داواکاریی ناسنامەدا بۆی دەچووبێت، ئێستا هەیە و ماوە، بەڵام من بەداخەوە خۆی، یان کۆپییەکەیم لەبەردەستدا نییە، تەنیا لە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵام جێگەی متمانەی تەواوەوە دەزانم ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا نووسراون:

ژمارەی ناسنامە: ٧٣٥ ی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکان

ناو: حەسەن

شوهرەت: زلە بوکانی

ناوی باوک: عەبدوڵڵا زلە بوکانی

ناوی دایک: ئامینە

ڕۆژی لەدایکبوون: ١٣٠٠/٩/٨ [=١٩٢١/١١/٢٩]

شوێنی لەدایکبوون: بۆکان

شوێنی وەرگرتنی ناسنامە: بۆکان، مەحاڵی ئەختاچی[٨]

[٨] لە ناوچەکەدا وەک "یەختەچی" ناوی دەبەن.



# ساڵ و مانگ و ڕۆژ و شوێنی لەدایکبوونی زیرەک

ڕۆژی لەدایکبوونی زۆرکەس لەو سەردەمانەی منداڵیی زیرەکدا، ڕوون یاخود 'دەقیق' نین. دایک وباوکی منداڵ، کە بەهۆی مەترسیی سەربازیی کوڕ و بەرگری لە شووکردنی کچ، نەیانویستووە ناسنامە بۆ منداڵەکانیان وەربگرن، ئەگەر بە مەجبووریش وەریان گرتبێت، ئەو دوو کێشە گەورەیەیان تێدا گرتۆتە بەرچاو و کەمتر وابووە ڕاستییەکەیان بە حکوومەت گوتبێت! کۆتایی قسە، وەک لەسەرەوە گوترا، ئێمە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان لەبەردەم نییە جگەلەوەی بە ڕاگەیەنراوی سەر 'اظهارنامه' و 'ناسنامە'کەی ڕازی بین و بڵێین:

<u>هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ڕۆژی ١٣٠٠/٩/٨ ی کۆچیی هەتاوی [= ١٩٢١/١١/٢٩ ی زایینی] لەدایکبووە.</u>

سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی زیرەکیش نیشانەکانی بەردەست جێگەیەک بۆ گومان ناهێڵنەوە کە حەسەن زیرەک لە بۆکان لەدایکبووە. بەڵگەکان بۆ ئەو مەسەلەیە بریتین لە:

- زیرەک لە یەکەم فەردی ژیاننامە شیعرییەکەی واتە 'چریکەی کوردستان'دا بە ڕاشکاوی دەڵێ "خەڵکی بۆکانم، کوردی خوێن پاکم....".
- هەردوو فۆڕمی داواکاریی ناسنامە و ناسنامەکە خۆی، کە لە سەرەوەتر باسیان لێوەکرا، شوێنی لەدایکبوونی زیرەک بە شاری بۆکان ڕادەگەیەنن.
- ڕێزدار حوسەینە کورد، براچکۆلەی حەسەن زیرەک لە وتووێژلەگەڵ کاک نادر فەتحی و کاک حوسەین سالمیدا[٩] دەڵێ "ئێمە هەمووومان لەماڵی ڕووبەڕووی مزگەوتی جامیعی بۆکان لە دایکبووین" و کاتێ لێی دەپرسرێت "ئایا کاکە حەسەن زیرەکیش؟' دەڵێ "بەڵی ئەویش". ئەو مزگەوتەی وا لە ڤیدیۆکەدا کاک حوسەین بەدەست ئاماژەی پێدەکات مزگەوتی جامیعی بۆکانە لە بەری باشووری قەڵای سەردار، ماڵی باوکی زیرەکیش سەرەوەتر، لە باکووری مزگەوتی جامیع و گەلێک نزیک بە دەروازەی لای ڕۆژهەڵاتی قەڵا هەڵکەوتبوو.

[٩] ئەو وتووێژە ڕێزدار نادر فەتحی (شوانە)- بەڕێوەبەری سایتی ڕۆژهەڵات-بۆکان، سەعات ١٩ و ٥٠ خولەکی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١١ لە ڕێگەی هێڵی واتس ئەپەوە بەڕێوەی برد. کاک حوسەین سالمی بۆکانی کەمپیوتەری لەپتۆپی خۆی بردە ماڵی کاک حوسەینە کوردی برای حەسەن زیرەک لە بۆکان کە بە نەخۆشی بەڵام بە دانیشتنەوە لەجێگادا بوو. کاک نادر لە ئاڵمانیاوە پرسیارەکانی خۆی ئاراستە دەکرد بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە کاک حوسەین هەندێک گوێی گران بوو و باش لە پرسیارەکان تێنەدەگەیشت، کاک حوسەینی سالمی کە لەوێ دانیشتبوو، پرسیارەکانی بە دەنگی بەرز بۆ دووپات دەکردەوە ئینجا ئەو وەڵامی دەداوە. وەڵامەکانی کاک حوسەینە کورد زۆر ڕوون و بە دەنگی بەرز بوون. ئەو وتووێژە کورتە لە دەوری دوو تەوەر دەگەڕا: یەکەم، حەسەن زیرەک لە چ شار یا گوندێک لەدایک بووە و لە کام ماڵ؟ دووهەم، باوکی حەسەن زیرەک کوێندەری بووە؟ سەرجەم وتووێژەکە بە دەنگ و ڕەنگ تۆمار کراوە و لای کاک نادر پارێزراوە.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- بەڕێز میدیاخانم زەندی هاوسەری زیرەک لە وتووێژێکدا دەڵێ "حەسەن لە گەرەکی پشت حەوزێ بۆکان لەدایکبووە، حەتا ئەو مامانەی وا حەسەنی بەدنیا هێناوە، ئەویشم دیتووە[10] و ئەوەی کە دەڵێن لە هەرمێلە لەدایکبووە، نەخێر وانییە..."[11]

- خەڵکێکی زۆر لە بۆکان کە دراوسێ ماڵ و خزم و دۆستی زیرەک و کەس وکاری بوون یاخود پەیوەندێکی ئیش وکاریان لەگەڵیاندا بووە، ئەو ڕاستییە دەزانن و تا ئێستا لە کەسێکی بۆکانی نەبیستراوە شتێکی پێچەوانەی ئەوەی گوتبێت. نموونەی ئەو خەڵکانەی دەوروبەری زیرەک، 'مام عەلی یاسەمەنی'یە، کە دەگوترێ خزم و هاوڕێی منداڵیی زیرەک بووە.[12]

- هەر لە پەیوەندیی شوێنی ژیانی بنەماڵەی زیرەکدا، ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی کاک حوسەینی برای زیرەک یارمەتیدەرە، کە کاتێ لێی دەپرسن "ئایا باوکی ڕەحمەتیشت هەر خەڵکی ئێرە [واتە بۆکان] بووە؟"، لە وەڵامدا دووجار دەڵێ "بەڵێ، بەڵێ، خەڵکی ئەو بۆکانە بوو، ئەو برای هەبوو، شتی بوو لێرە." هەر لەو وتووێژەدا، کاک حوسەین دەڵێ ناسناو (شوهرەت)ی بنەماڵەکەمان "بوزورگی" بووە کە دیارە بە فارسیکراوی سیفەتی کوردیی "زلە"یە، کە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندانی شار بە کەسێکی چەوساوەی وەک باوک و باپیری حەسەن زیرەکیان داوە و ئەو و براکانیشی پێیان ناخۆش بووە، هەربۆیەش وشە فارسییەکەیان لەجێی داناوە.[13]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونێک بکەم کە بە حیسابی کار و خزمەتی زیرەک بۆ 'خانانی هەرمێلە'- خاوەن مڵکی گوندی 'هەرمێلە'، زیرەک بە خەڵکی ئەو گوند دادەنێن. ئەوە هەڵەیەکی ئاشکرایە و کەسێک کە سەرەتا ئەو بابەتەی دامەزراندووە نابێ شارەزاتر لە زیرەک خۆی و برا و هاوسەرەکەی بێت! ئەوان هەرسێکیان بۆکان بە شوێنی لەدایکبوون و گوندی هەرمێلە بە یەک لەو دەیان گوند و شارانە دەناسێنن کە زیرەک سالانێکی درەنگتر بە کرێکاری و بۆ ئەرک و خزمەت چۆتە ئەوێ.[14]

---

[10] لام وایە مامانەکە، پوورئامینی نەنکی ئەبوبەکری فەقێیی بووبێت کە ماڵیان لای ماڵی حاجی ئەحمەدی وەحیدی (ئیمام جوعە) و حاجی بابەخانی کەریمی بوو، لە پشت حەوزەگەورە. ئەنوەر

[11] دوکتۆر ئەمیر عەبدوڵلاهی، "وتووێژێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ میدیا زەندی هاوسەری حەسەن زیرەک"، ماڵپەڕی هاژە: http://haje.ir/newsdetails.aspx?itemid=3846

[12] برایم فەرشی، "زمانی دوولا" ماڵپەڕی ڕۆژهەڵاتی- بۆکان. www.bokan.de

[13] . هەمان وتووێژی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١١ ی بەڕێزان نادر فەتحی و حوسەین سالمی لەگەڵ کاک حوسەینە کورد.

[14] . هەرمێلە گوندێکە کەوتۆتە نێوان بۆکان و سەقز و تا ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوی (١٩٦٣ز) سەر بە شاری بۆکان بوو، بەڵام لەو ساڵەدا وەک بەشێک لە 'کۆگوند' (دیهستان)ی تورجان خرایە سەر شاری سەقز. خاوەن مڵکی گوند واتە 'خانان'ی هەرمێلە تا ساڵی ١٩٨١ کە من لە بۆکان بووم، لە ژیاندا بوو و دۆستایەتی و هاتوچۆ و دانیشتنی لەگەڵ کاک عەبدوڵلا هەمزەیی، مامۆستای خانەنشینی بۆکانی و چەندکەسی هاوتەمەنی ئەودا هەبوو.دوور نییە کاک عەبدوڵلاش بیرەوەری زۆری لەسەر حەسەن زیرەک هەبێت. خانانی هەرمێلە کوڕی سەیفوڵلاخانی ئەردەڵان حاکمی پێشووی سەقز بوو کە تورکانی عوسمانی گرتیان و لەگەڵ سەیفەددین خانی بابامیری سەرداری بۆکان لە ساڵی ١٩١٤ دا لە مەراغە ئیعدامیان کرد. بەیت وێژی دەنگ خۆش

www.kurdistanukurd.com



هەروەها باس لە گوندی 'قەرەمووسالیان' لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بۆکان بەرەوە شاری میاندواو، وەک شوێنی ژیانی بنەماڵەی زیرەک دەکرێت. لەو پەیوەندییەدا، بە بۆچوونی من، دوای ئەو قسە ڕاشکاوانەی کاک حوسەینی برای زیرەک سەبارەت بە خانووبەرەی گەڕەکی قەڵای بۆکان وەک ماڵی بنەماڵەکەیان و ئەوەی زیرەکیش لەوێ لەدایک بووە، تاقە ئەگەرێک بمێنێتەوە ئەوە دەبێت بنەماڵەکەیان لە بنەڕەتدا خەڵکی قەرەمووسالیان بووبێتن و لەوێوە هاتبێتنە بۆکان. ئەوە دوور لە باوەڕ نییە و زوربەی دانیشتوانی بۆکان و ڕەنگە بتوانین بڵێین هەموو شارەکانی دنیاش، باوک و باپیرانیان لە گوندەکانەوە هاتوونەتە شاری و بەوپێیە، دەکرێ گوندی قەرەمووسالیان، وەک گوندی بنەچەکی کەسوکاری زیرەک بزانین، کە پێش کاک عەبدوڵڵای باوکی زیرەک یان لەسەردەمی ئەو و کاک ڕەحمانی باوکیدا، لەوێوە کۆچیان کردبێتە بۆکان. بەختەوەرانە هێشتا کەسانێک لە بنەماڵەی زیرەک لە ژیاندان چ لە بەرەدایکی زیرەک (دادەئامین) و چ لە هاوسەرەکەی دیکەی کاک عەبدوڵلا واتە زڕدایکی حەسەن زیرەک. کەسانێک لەوانە بە تەمەنیشن و دەکرێ ئەو گرێیە بکەنەوە. بەڵام لەم قۆناغەدا، ئەوە تەنیا بۆچوونێکە، کە ئەگەر لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەی زیرەکەوە پشتڕاست بکرێتەوە دەبێ بەڕاست وەربگیرێت.



---

قالەشین لە کلیپێکی ڤیدیۆییدا کاتێ باسی سەربهوردەی خۆی دەکات، دەڵێ ماوەیەک لە هەرمێلە خۆشخوانی خانان بووم. وێدەچێت خانان وەک زوربەی بنەماڵەی ئەردەڵان، کەسێکی هونەرپەروەر بووبێت کە زیرەک و قالەشین و واهەیە گۆرانی بێژ و بەیتخوانی دیکەش هەرکام بۆ ماوەیەک لە دیوەخانەکەیدا حاوابووبێتنەوە.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## مەسەلەی ناسناو، یان پاشگری ناسناو

باش وایە سەرەتا بابەتی سەبارەت بە مام، واتە براکانی باوکی حەسەن زیرەکیش ڕوون بکرێتەوە. حەسەن زیرەک لە لای باوکەوە پوورێک (ڕەزیە) و دوو مام (حامید و کەریم)ی هەبوون.

سەبارەت بە کاک کەریم بەختەوەرانە بەڵگەیەکی نووسراو بەدەستەوەیە: نەمر 'ڕەحمانی محەمەدیان' لە بەرگی دووهەمی کتێبی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا" (پێشتر)، کۆپیی هەندێک بەڵگەی بازرگانیی باپیری خۆی، واتە حاجی برایمی محەمەدیانی بڵاوکردۆتەوە.[15] بەڵگەی ژمارە ٥٠ ی ئەو کتێبە، بریتییە لە پەیماننامەیەکی ڕۆژی ١٠ ی جمادی الثانی ١٣٤٨ ی کۆچی[16] کە حاجی برایم لەگەڵ کەسێک بەناوی 'کەریمەزلە' بەستوویەتی بۆ ٨ مانگ کارکردن لە لای ئەو. کەریمەزلەی ئەو ساڵەی بۆکان کە تێیدا، حەسەن زیرەک هەشت ساڵان بووە، دەکرێ کاک کەریمی مامی زیرەک بێت، لەبەر ئەوەی یەک لە دوو شاهیدی وەرگرتنی ناسنامە بۆ حەسەن زیرەک لە ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکانیش هەر ئەو حاجی برایمە بووە و ئەوە پەیوەند و نزیکایەتی کۆڕانی مام ڕەحمان واتە کاک عەبدوڵڵا و کاک کەریم لەگەڵ حاجی برایم دەگەیەنێت. هەروەها ئەو ڕاستییەش کە لە بۆکانی ئەودەمانەدا بە هەواڵی کەسانێکی دیکە جگە لە بنەماڵەی ئەوان، بەو ناسناوەوە نەزانراوە.

پێویستە بگوترێ هونەرمەندەکەی ئێمە، لای کەم دووسێ ساڵێک پێش ئەوەی بە شێوەی فەرمی ناوی بنەماڵەیی خۆی بکاتە 'زیرەک'، ناسناوی زیرەکی بۆخۆی هەڵبژاردبوو، لە ماوەی کارکردنی لەسەر ڕادیۆی کوردیی بەغدا و ڕادیۆی کوردیی تاران و کرماشانیشدا هەر بەو ناوەوە کاری دەکرد و کۆمەڵانی گەلی کوردیش هەر بەو ناوەوە دەیانناسی. ناو و ناسنامەش بابەتێکی شەخسی و تاکەکەسین و ئەگەر ئەزەلیش بن، ئەبەدی نین؛ واتە تاک مافی تەواوی هەیە دوای سەردەمی منداڵی، خۆی بەو ناو و ناسنامەیەوە بناسێنێت کە خۆی دەیەوێت نەک ئەوەی بنەماڵە یان دام ودەزگای حکوومی بۆیان دەست نیشان کردووە.

وەک بە ڕوونی دەبینرێت، لەلای دەستەڕاستی فۆڕمی 'اظهارنامەکە' بە جەوهەری سوور نووسراوە *"راجع به نام خانوادگی به ظهر سند مراجعه شود"* واتە *"سەبارەت بە ناوی بنەماڵەیی سەیری*

---

[15] ڕەحمەتی حاجی برایمی محەمەدیان کوڕی محەممەد سەقزی، لە بۆکاندا بازرگانێکی دەست ڕۆیشتوو و خاوەن باغ و زەوی و کشتوکاڵ بووە. باغەکەیان کەوتبووە نێوانماڵی وەڵەد بەگ و باغی سەردار و کەم و زۆر، شەهرداریی ئێستای بۆکانی دەگرتەوە.

[16] بەرانبەرە لەگەڵ ١٣٠٨/٨/٢٣ ی هەتاوی و ١٩٢٩/١١/١٤ی زایینی.

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پشتەوەی بەڵگەنامەکە بکرێت". بە داخەوە من کۆپیی پشتەوەی بەڵگەنامەکەم بە دەستەوە نییە بەڵام دەزانم کە بە فارسی لێی نووسراوە:

*"توضیحات: نام خانوادگی دارنده سند ۷۵۳ بوکان طبق مقررات ماده ۴۲ ثبت احوال، از زله بوکانی به زیرک تغییر یافته‌است. تاریخ اجرا: ۱۳۳۹/۲/۲۷ [۱۹۶۰/۵/۱۷]".*

ئەو رِستەیە بە کوردی دەبێتە:

*"روونکردنەوەکان، ناوی بنەماڵەیی خاوەنی بەڵگەنامەی ژمارە ۷۵۳ ی بۆکان بەگوێرەی پەیرەوەکانی مادە ۴۲ ی [ئیدارەی] سەبتی ئەحواڵ، لە 'زلە بۆکانی'یەوە گۆراوە و بووە بە 'زیرەک'. رێکەوتی بەرێوەبردن ۱۳۳۹/۲/۲۷ [۱۹۶۰/۵/۱۷]".*

ژمارەی ۷۵۳ هەردوو 'اظهارنامە' و 'ناسنامە'کەی زیرەک دەگرێتەوە، کە لە ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکان یەک ژمارەیان پێدراوە. رێکەوتی ۱۳۳۹/۲/۲۷ ش بەرانبەرە لەگەڵ ۱۹۶۰/۵/۱۷ کە زیرەک دەوروبەری دوو ساڵ بوو لە بەغداوە گەرِابووەوە ئێران و لە تاران نیشتەجێ ببوو.

پوختەی قسە،

- باپیرە و داپیرەی زیرەک ناویان رەحمان و شەمام بووە
- نەمزانی ناوی باوک و دایکی رەحمان و شەمام بزانم کە دەبنە باوە گەورە و دایە گەورەی زیرەک، ئەویش سەرەرِای پرس وجۆی ناراستەوخۆ لە کاک حوسەینی برای زیرەک
- کاک عەبدوڵلای باوکی زیرەک، پێش خاتوو ئامینە، هاوسەرێکی دیکەشی بووە کە نەمتوانیوە ناوی ئەویش بزانم، بەڵام هەر لەو هاوسەرەی کچێکی بووە بە ناوی زیبا، کە دەبێتە زرِخوشکی حەسەن زیرەک. زیباخانم مێردی بە کەسێکی ئازەربایجانی کردووە و بۆتە ساحێبی پێنج کچ (ئەقدەس، ئازەر، پووران، ئێران و مەلەکە)، کە دەبنە خوشکەزای زیرەک لە زیبا خانمی زرِخوشکیەوە
- زیرەک لە لایەن باوکەوە پوورێک و دوو مامی هەبووە: رەزیە، کەریم و حامید
- لەلایەن دایکێشیەوە باپیرە و داپیرەیەکی بووە: جەهانگیر و فاتمە
- دوو خوشکی هەبوون: سارا و زبێدە
- دوو براشی هەبوون: حەمەدەمین (مینە) و حوسەین
- هەندێک هەواڵ لێرە ولەوێ دەبیسترێن کە باس لە بوونی 'کورێکی حەسەن زیرەک' دەکەن. سەرەرِای پرس وجۆی زۆر، نەمتوانی راست بوونی ئەو هەواڵە پشترِاست بکەمەوە

و هیوادارم خەڵکانێک کەڵکی نابەجێ لە ناوی ئەو هونەرمەندە مەزنە وەرنەگرن و خۆیان بە کوڕی ئەو نەناسێنن.

- هەروەها بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی ڕوون سەبارەت بە پێشینەی بنەماڵەی حەسەن زیرەک بە خوێنەر بدەم، شەجەرەنامەیەکم لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانەی سەرەوە پێکهێناوە و بە یارمەتی کاک شۆڕش دیاکۆ، ناوی کەسانێکی دیکەشم لێ زیاد کرد کە دوای زیرەک و خوشک و براکانی هاتوونەتە دنیا و بەم شێوەیە دەمەوێ ڕەچەڵەکی حەسەن زیرەک ون نەبێت و تا سەردەمی ژیانی ئێمە، ڕوونببێتەوە. برای بەڕێزم کاک نادری فەتحی ئەرکی پێکهێنان و ڕێکوپێک کردنی شەجەرەنامەکەی گرتە ئەستۆ.



**حەسەن زیرەک و تیپی مۆسیقای مەولەوی ساڵی ١٩٥٦**

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# باری چینایەتی/کۆمەڵایەتیی زیرەک و بنەماڵەکەی

ئێران لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا وڵاتێکی دواکەوتووی فیئۆداڵی بوو، کە باری قورسی چەند شەڕ و شکستی سوپایی و ئابووریی لە هێزە ئیستعمارییەکان بە شان هەڵگرتبوو.[١٧] ئەگەر شۆڕشی مەشرووتەخوازیی ساڵانی ١٩٠٥ و ٦ ی ئێران بە سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئێران و دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافی ساڵی ١٩٤٢ بە سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێین،[١٨] زیرەکی لەدایکبووی ساڵی ١٩٢١، ١٥ ساڵ دوای مەشرووتەی ئێران و ٢١ ساڵ پێش دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف لەدایکبووە و هیچکام لەو دوو ڕووداوانە هێشتا نەیانتوانیوە لەسەردەمی ئەودا شوێنێکی ئەوتۆ لە سەر ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت 'شارەدێ'ی بۆکان دابنێن و هیچ بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نییە پێمان بڵێت ژێرخانی ئابووریی گوندی بۆکان لە موکریان لەو ساڵانەدا گەشە و نەشەیەکی ئابووریی بەخۆیەوە بینیبێت، یان کارگە و کارخانەیەکی تێدا دانرابێت. ئاشکرایە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی وەک باوانی حەسەن زیرەکیش لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا جگە لە کرێکاری و کاری دەست بۆ ئەم یا ئەو دەوڵەمەندی شار و ئاغاواتی دەوروبەر، دەرەتانێکی دیکەی ژیانیان بۆ نەڕەخساوە. "چریکەی کوردستان"ەکەی زیرەک دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خاوەنەکەی کامە چەرمەسەرێ و ئەزیەت و ئازاری ژیان بووە چەشتوویەتی (بێ دایک و باوکی، ئاوارەیی، دەربەدەری، چوونە دەرەوەی وڵات و...) هەروەها کام ئیش وکاری ناخۆش بووە کردوویەتی (کرێکاری، شاگرد شۆفیری، چاوساغی، تووتنچییەتی، قاچاخچییەتی، کرێکاریی هوتێل و ...)

ئەوەی لە ژیننامەی زیرەک دەردەکەوێت، ماوەی سێ چوار ساڵی نێوان ١٩٥٥ تا ٦٨ کە لە سەر ڕادیۆ بەغدا و تاران و کرماشان گۆرانی گوتووە(سەرجەم دە دوازدە ساڵێک)، ئەگەر خۆشترین نەبووبێ، لایکەم بە ئیستراحەتترین ساڵانی ژیانێکی ٥١ ساڵەی ئەو هونەرمەندە بووە، هەر لەو ماوەیەشدایە کە بنەماڵە پێکەوە دەنێ و دەبێتە باوکی دوو منداڵ. بەڵام ئەوە زۆری نەخایاندووە و سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە زوربەی بیسەرانی ڕادیۆ کرماشان ئەویندارانی دەنگی زیرەک بوون، بە هۆکار یا چەند هۆکارێکی بۆ ئێمە نەزانراو، ڕادیۆ کرماشانی بەجێ هێشتووە و شارەوشار کردن و ئاوارەییەکەی دەستی پێکردۆتەوە.

---

[١٧] تێکشکانی هێزی سوپایی ئێرانی سەردەمی فەتحعەلیشای قاجار لە شەڕی ڕووسیای تزاری گەیشتبووە ئیمزای دوو پەیمانی گوڵستان و تورکمانچای کە بەگوێرەی ئەوان بەشێکی بەرچاو لە خاکەکەی لە ناوچەی قەفقاز لە ئێران جیابووەوە و غەرامەتێکی گەلێک گرانی داراییشی لێ ئەستێنرا وهیچ دەسکە دەسکەوتێکی دەست نەکەوت. ئەنجامی شەڕی سەردەمی محەممەدشای قاجاریش لەگەڵ سپای ئینگلیز لە هیندوستانی بن گوێی ئێران ئەوە بوو کە بەشێکی بەرچاو لە خاکی هەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی لێ جیا کرایەوە و حکوومەتی سەربەخۆی ئەفغانستانی لێ پێک هات کە دەوری دیوارێکی دەبینی بۆ دوورخستنەوەی ئێران و ڕووسیای پشتیوانی، لە هیندوستانی کۆلۆنیی بریتانیای ئەودەم.

[١٨] بۆ ئەو مێژووانە پشتم بە بۆچوونی بەڕێز د. عەباس وەلی بەستووە.



www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەجێ هێشتنی ڕادیۆ کرماشان بۆ زۆرێک لە لایەنگرانی دەنگی زیرەک پرسیارێکە و چەندەها ساڵە چاوەڕوانی وەڵام ماوەتەوە. تا ئێستا بە ڕوونی دەرنەکەوتووە ئایا کارەکە،

- لەسەر خواستی خۆی و دەرئەنجامێکی خولق وخۆی تاکەکەسیی خۆی بووە؟

- گرفتی بنەماڵەیی و جیابوونەوە لە هاوسەر ومنداڵ بۆتە هۆی ئەوەی سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات؟

- یاخود شوێنی پێ لێژ بووە، و مەجبوور بە ڕۆیشتن کراوە؟ ئەودەم پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات کە ئەوکەسانە کێ بوون کە دژی دەوەستان؟ ئایا هەر بەشێک لە هاوکارەکانی خۆی بوون یان لەدەرەوەی ئەوان؟[19] من لە بەشی "کەسایەتیی زیرەک"دا (دواتر)، دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە و هەوڵ دەدەم تووتوێی کەسایەتی و ڕۆحیاتی خۆی بکەم، بەڵام بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە کە بتوانم ئەگەرەکانی دیکە بدەمە دواوە.




**لە ڕاستەوە: تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەک، موجتەبا میرزادە، عەلی مەردان**

[19] میدیا خانمی زەندی لەو پەیوەندییەدا ناوی یەک لە کاربەدەستانی ڕادیۆکە دەبات . سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ١٣



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# زیرەک و سیاسەت

ئەوەندەی زانرابێت، زیرەک چالاکێکی سیاسی یان ئەندامی حزبێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان نەبووە؛ بەڵام لە قسە و گۆرانییەکانیدا وەک کوردێکی دڵسۆزی کوردستان دەردەکەوێت و خۆشەویستیی وڵات لە زۆر وتار و گۆرانییەکانیدا خۆ دەنوێنێت. هەوڵدان لە پێناوی دۆزینەوەی سەرەهەودای تێکەڵاویی ئەو لەگەڵ سیاسەت، پێویستی بە شون هەڵگرتنی هەموو ماوەی ژیانی هەیە.

بارودۆخی ژیان و چەوسانەوەی ئابووریی و هەلومەرجی سەردەم وایکردووە زیرەک بە شێوەیەکی ئاسایی تێکەڵاوی سیاسەت بێت و لە پیشەکەی خۆیدا، وەک گۆرانیبێژ، بەشان و باڵی هەندێک لە ڕێبەرانی سیاسیی ئێران و عیراقدا هەڵبڵێت. هیچ نیشانەیەک بە دەستەوە نییە ئەو تێکەڵاوییە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێرمنداڵیی و ئەودەمانەی وا بەشوێن ئیش وکار و بژیوی ژیاندا لەبۆکان و مەراغە و تەوریز و تاران تەراتێنی کردووە و پاشان چۆتە قوم و شیراز و ئەهواز و لەوێوە گەیشتۆتە ئەوبەری ئاوەکە و بەسرە و لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆکان. بەڵام بەئەگەری زۆر، دەبێ هەر لەو سەردەمانەدا نەداری و ئاوارەیی و بێ ئیش وکاری هەستێکی چینایەتی و دڵسۆزیی بۆ هەژاران و لێقەوماوانی لە ناخیدا خولْقاندبێت و سەرنجی بەرەو گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی بێبەشکراوی ناوچە ڕاکێشابێت.

بیرەوەرییەکی نەمر مامە غەنی بلووریان هەیە کە باس لەوە دەکات کاتێ لە زیندانی شیراز زیندانی بووە، ڕۆژێک کەسێکی نەناسراو دەچێتە چاوپێکەوتنی و لە وەڵامی پرسیاری مامەدا کە تۆ کێی، دەڵێ من حەسەن زیرەکم، هاتبوومە ئەم شارە و بیستم تۆ لێرە گیراوی، ویستم سەردانێکت بکەم.[20] ئەو دڵسۆزییە سەبارەت بە زیندانییەکی سیاسیی کورد دەبێ هەستێکی نەتەوەیی لەپشت بووبێت، دەنا ئەو چی و مامەغەنی چی و زیندانی شیراز چی؟[21]

هەرچۆنێک بێت، لەو ساڵانەدایە کە دەگاتە باشووری کوردستان و بەغدا و لەوێش لە هوتێل شمال الکبیر ئیش دەکات کە شوێنی حەوانەوەی کوردانێک بووە وا لە کوردستانەوە چوونەتە بەغدا. دیارە هەستی نیشتمانپەرستیی کوردانی باشوور لەو ساڵانەدا گەلێک بەهێز بووە و بەگوێرەی

[20] تاقە سەرچاوەیەک هەواڵی ئەو ڕووداوەی بەمندابێت، کاک مەنسوور سیدقییە و ئەویش لە زمان برای خۆیەوە دەیگێڕێتەوە کە گوایە ئەو و کەسێکی دیکە لە دانیشتنێکدا ئەو هەواڵەیان لە زمان مامەغەنی بیستووە، بەڵام بە داخەوە لە دەقی دوو وتووێژی مامە لەگەڵ کاک حامید گەوهەری و کاک برایم فەڕشیدا ئەو بابەتە دەرنەکەوتووە. من ئەو هەاڵەم لە دوو جار وتووێژی سەر تەلەفونی ئەمساڵ لەگەڵ کاک مەنسوور، لە زمان ئەوەوە بیست.

[21] ئەگەر ئەو هەواڵە بە ڕاست وەربگرین- کە هیچ هۆکارێکیش نابینم بۆ وەرنەگرتنی، ئەودەم ساڵەکەی دوورنییە دەوروبەری ١٣٣٤ و ٣٥ (١٩٥۴)و لە ماوەی ڕۆژانی چوون بۆ باشووری ءێران و پەڕینەوەی یەکەمی زیرەک بۆ دیوی عیراق بووبێت.

گێڕانەوەیەک، کەسێک هەر لەو هوتێلەوە (سەلاح عیرفان، جەلال تاڵەبانی، یان ڕەفیق چالاک)[٢٢] بە ڕادیۆی کوردیی بەغدای دەناسێنن.

ئەوانە دەبێ سەرەتای ناسیاویی زیرەک بووبێتن لەگەڵ سیاسەت. بەڵام ئەوەی وا کەم و زۆر هەموو خەڵکی عیراقی، بە عەرەب و کوردەوە، کێشایە گۆڕەپانی سیاسەت، سێ چوار ساڵ دواتر قەوما، ئەویش کۆدیتای عەبدولکەریم قاسم و ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی بوو. من ئەو ساڵەم بەباشی لەبیرە، لە قوتابخانەی ناوەندیی بۆکان دەمخوێند و بە گوێی خۆم دەمبیستەوە کە ڕووداوەکە تۆفانێک بوو نەک هەر خەڵکی عیراق بەڵکوو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاند و تەنانەت شاحوسەینی ئوردەن و شای ئێران لە تاج وتەختی خۆیان دەترسان، هەربۆیەش وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل کەوتنە حەلوەلا و شۆڕشی ئەیلوولی کورد و کۆدیتای بەعسییەکانیش بەشوێن ئەو ئینقلابەداهات.[٢٣]

هەر دوای ئەو کۆدیتایەی قاسمیشە کە زیرەک لە عیراق باردەکات و دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە گوێرەی گێڕانەوەی کاک ئەسعەدی سیراجەددینی، کاتێ زیرەک دەگاتە دیوی ئێران، لە سەر سنووری باشماخ، ژاندارمی پاسگای ژاندارمەریی گوندی بایوەی مەیوان دەیگرن و بۆ ماوەیەک ئیجازەی هاتنە ناو ئێرانی پێنادەن.[٢٤]

ئەگەر ئەو هەواڵە لەلای ڕاپۆرتێکی ساواک سەبارەت بە حەسەن زیرەک دابنێین، ئەگەری تێوەتلانی زیرەک لە سیاسەت بەهێزتر دەبێت. ڕاپۆرتەکەی ساواک دەڵێ:

"هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو [زیرەک]، دەبێ بە پارێزەوە بێت و کاروکردەوەکانیشی لە تاران بگیرێتە بەرچاو لەبەر ئەوەی واهەیە هاتووچۆی ماڵی دوکتۆر شیرازی بکات"[٢٥]

ڕاپۆرتەکە، لە درێژەدا دەڵێ:

"بە تۆمەتی ئەوەی بە یارمەتی خەڵکانی دەوروبەری جەلال تاڵەبانی ویستوویەتی بچێت بۆ میسر بۆ ئەوەی لەوێ لە بەشی کوردیی ڕادیۆی میسر دابمەزرێت، لە عیراق گرتوویانە و دوای ئەشکەنجەدان لە زیندانی بەغدا، ناردوویانەتە زیندانی سلێمانی و لە ١٣٤٦/٧/٢

[٢٢] دوو هەواڵ مەسەلەی سەلاح عیرفان بە ڕاستتر لە دووکەسەکەی دیکە پیشان دەدەن: یەکەم زیرەک لە ژیننامەکەی چریکەی کوردستاندا ناوی 'سەلاح' دەبات. دووهەم، هەواڵی گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣١، نیسانی ١٩٨٥ ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە سەلاح برای عادل عیرفان وێژەری ڕادیۆی کوەردیی بەغدا بووە و هەر ئەویش نامەی بۆ براکەی نووسیوە و زیرەکی پێ ناساندووە. سەرچاوە: هۆمەر دزەیی، نامە بۆ برایم فەڕشی، بڕوانە "دامەزرانی حەساەن زیرەک لە ڕادیۆی بەغدا"، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان.

[٢٣] وا هەیە بتوانین ئەو هەستە بە نۆستالژی و بیرێکی ساکاری وڵات و کەسوکار بقەبڵێنین، لەبەرئەوەی زیرەک لە گەڕانەوەی حاجییانی ناوچەی ئێمە لە سەفەری حەج و گەیشتنە بەغداشیان لە ساڵی ١٩٥٧ دا چۆتە سەردانیکردن و هەواڵپرسییان لە هوتێلێکی بەغدا و لە ماوەی ژیانی تارانیشیدا زۆرجار خەڵکانی ناسیاوی خۆی لە هوتێلەوە بردۆتەوە ماڵی خۆیان. سەرچاوەی ئەو دوو هەواڵە کورتە نامەیەکی کاک برایمی فەڕشییە بۆ نووسەر.

[٢٤] یادداشتێکی ڕێزدار ئەسعەد نەقشبەندی بۆ نووسەر.

[٢٥] بڕوانە، "چپ در ایران به روایت اسناد ساوک- حزب دمکرات کردستان، جلد اول"، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران ١٣٧٨ [١٩٩٩]، لاپەڕە ١٣من لەم لاپەڕانەشدا چاوم بە هەواڵی سەبارەت بە حەسەن زیرەک کەوتووە: ١٩، ٢٢، ٦٤، ٦٧.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

(١٩٦٧/٩/٢٤) لەگەڵ سۆفییەکان تەحویلی ئێران دراوە و لەوێ بە تۆمەتی جاسووسی دەستبەسەرکراوە."[٢٦]

تەنانەت هەواڵی ئەوە هەیە کە کەسانێک ویستبێتیان زیرەک بچێت بۆ سەر ڕادیۆی پەیکی ئێران بۆ لای مامۆستا حەسەنی قزلجی.[٢٧] ڕادیۆکە یەکیەتی سۆڤیەتی دایناببوو و لە ساڵانی نێوان ساڵانی ١٣٣٦ تا ١٣٥٥ (١٩٥٧ تا ١٩٧٧) بە فارسی و کوردی و تورکیی ئازەربایجانی بەرنامەی دژ بە سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران بڵاو دەکردەوە.

دیارە ئەو گومانکردنە پۆلیسیانەی ئیستخباراتی عیراقی و ساواکی ئێرانی نابێ بە بەڵگەی تەواو وەربگیرێن لەبەر ئەوەی گەلێک جار نابەجێ و ناتەواو بوون و لە سەر بنەمای ڕاپۆرتی بێ سەرەوبەرەی ناحەز و نەیاران دادەنران، بۆ نموونە، هەر ئەو ڕاپۆرتە چەند دێڕییەی ساواکیش پڕە لەهەڵەی فەکت و دوور لە ڕاستی، یەک لەوانە، تۆمەتی جاسووسی و ئەویتر ئالوودەبوونی زیرەکە بە مادەی سڕکەر، کە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە بەدەستەوە نییە پشتڕاستی بکاتەوە، یەکی دیکە شوێنی لەدایکبوونی زیرەکە، کە ئەوان بە مەهابادیان نووسیوە و...

تێکەڵاویی زیرەک لەگەڵ سیاسەت، لە هەندێک گۆرانی و سروودی نیشتمانیی ئەویش دەردەکەوێت وەک:

- سروودی نەورۆز (کە تێیدا دەستی لە شیعرەکەی پیرەمێرد وەرداوە و باسی شاهەنشای ئێرانی تێخستووە)
- سروودی نیشتمانیی (ئەی نیشتمان، نیشتمانی جوان، خاکی ئاریا، وەرتەنی کوردان... بە پشتیوانیی شاهەنشای ئێران...)
- سروودی کوردستان کە هەندێک بەشی لە شیعری لایەلایەی مامۆستا هەژار وەرگیراوە (ڕۆڵە هیوا و ئاواتم، کۆرپە جوانەکەم / کۆرپەی شیرینم.پشتیوانەکەم!)
- سروودی ٢١ی ئازەر، کە لەوێشدا دەڵێ 'شاهەنشامان ڕێبەرە..." و ئەوە جیا لەو مەسەلەیەی کە خودی ٢١ ی ئازەر ڕۆژی هاتنەوەی سوپای ئێرانە بۆ ئازەربایجان و کوردستان و هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان.
- گۆرانیی ناسراو بە 'بابە کورد' (کە تێیدا ستایشی بارزانی دەکات و بە زمانێکی زبر سەبارەت بە دەفتەری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەودەم دەدوێت)- وێدەچێ

[٢٦] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٢.

[٢٧] بیرەوەرییەکانی مام عەلی یاسەمەنی- دۆستی سەردەمێکی دوورودرێژ لە ژیانی زیرەک، لە وتووێژ لەگەڵ کاک محەمەد ڕەمەزانیدا، بڕوانە کتێبی ئەلێکترۆنیی "زمانی دوولا" نووسینی کاک برایم فەرشی، سایتی ڕۆژهەڵات-بۆکان، ڕادیۆکە بەشی مۆسیقای نەبوو و لە لایەن حزبی توودەی ئێرانەوە لە شاری لایپزیکی ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات و پاشان لە شار سۆفیای بولغارستانەوە بەڕێوە دەچوو.

ئەو گۆرانییەی لە یەک لەو سەفەرانەدا بۆ باشووری کوردستان گوتبێت کە چۆتە ناو شۆڕش و بارزانی خەڵاتی کردووە، بەڵام لە درێژەی سەفەرەکەیدا بەرەو کەرکووک و بەغدا، ئیستخباراتی عیراقی گرتوویەتی و لە زیندانی ئەبوغریب، ئازار و ئەشکەنجەی زۆری داوە. زیرەک درەنگتر، لە تۆمارێکی دەنگیدا، ئەو بەغداچوونەی خۆی بە کارێکی هەڵە ناودەبات.

- بیرەوەریی کاک عەزیزی مامڵێ کە هاوڕێیە لەگەڵ شریتێکی گۆرانیی "ئەی وەی لەرزانە" بە دەنگی خۆی و کاک ئەمجەدی ئێرانیزادە لە کۆڕێکی شاییدا لە مەهاباد بە ئامادە بوونی زیرەک. لە ناو گۆرانی گوتنی ئەو دووکەسەدا لەپڕزیرەکیش هەڵیدەداتێ و لە هاوکاریکردنی ئەواندا، ئەم شیعرانە بە گۆرانی دەڵێت: "هەڵدەگرم بڕنوو دەچم بۆ بانە / دەڵێن لە بانە شەڕی کوردانە."

- گۆرانیی "دەلیدەن لیدەن لیدەن لە تەپڵی شادمانی / ئەوە ئیزدیواجی کرد مەلیک فەیسەڵی سانی" کە هی سەردەمی ڕادیۆی کوردیی بەغدایە و بە بۆنەی دەزگیرانیەتی یان هاوسەرگیریی مەلیک فەیسەڵی دووهەمەوە گوتوویەتی.

- لە ئێرانیش دوای گەڕانەوە لە عیراق و چوونە سەر ڕادیۆی کوردیی تاران، هەمان ئەو گۆرانییەی هەڵگێڕاوەتەوە و ئەمجار ئاوقای ڕەزا، کوڕی محەمەدڕەزاشای کردووە کە لە ساڵی ١٣٣٩ {١٩٦٠) دا لەدایکبوو: "دەلیدەن لیدەن لیدەن لە تەپلی شادمانی / ئەوە هاتە دنیایە کوڕ شازادەی ئێرانی"!

- لەو ساڵانەدا بەبۆنەی هەندێک ڕێ ورەسمی حکوومەتیی وەک ۴ ی ئابان (ڕۆژی لەدایکبوونی شا)، و ٢١ ی ئازەر (ڕۆژی گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان و کۆماری کوردستان) خەڵکیان دەهێنا سەر شەقامەکان و لایکەم لە کوردستان بە دووکاندارەکانیان دەگوت دووکان برازێننەوە، هەروەها کێ بەرکێی وەرزشی و کۆبوونەوە و وتاردان و شیعرخوێندنەوە بەڕێوەدەبران. لە سەر ڕادیۆش سروود و مارشی سوپایی دەبیسترا، یان گۆرانی بڵاو دەبووەوە و بەشان و باڵی ڕژیمدا هەڵدەگوترا. ڕادیۆی کوردیش لەو بەرنامانەدا بەشدایی دەکرد و بۆ نموونە، حەسەن زیرەک لە یەک لەو بۆنانەدا، سروودێکی گوتووە کە پێشتر باسی لێوەکرا.[28]

ئەوانە تێوەتلانی زیرەکن لە سیاسەت- بەچاک و خراپیەوە، خوازراوی خۆی یان نەخوازراو و بەسەرداسەپاو. هەواڵی ئەوەش هەیە کە لە هەندێک قۆناغدا "هاوکاریی" حزبی دیموکراتی

[28] ئەو بەڵایە، تەنیا داوێنی زیرەکی نەگرتبوو، دەگوترێ گۆرانیی "بوی جوی مولیان آید همی" کە بەنان و مەرزیە گۆرانیبێژانی فارس پێکەوە گوتوویانە، بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژ و کۆدیتای دژی موسەددیق لە ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) لە ساڵی ١٣٣٦ و ٧ دا گوترابێت. وەک ئەنجامی کۆدیتاکە، محەمەدڕەزاشای هەڵاتوو، لە بەغدا و ئیتالیاوە توانی بگەڕێتەوە ئێران. شیعرەکەی ڕوودەکی سەمەرقەندی هەزار ساڵێک پێشتر، بۆ گەڕانەوەی ابونصر سامانی بۆ ناو شاری بوخارا گوترابوو.


www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستانی کردبێت و وەک نموونەیەک، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگەی بارزانی هابێتنە ماڵی سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ باشووری کوردستان.[٢٩]

بەڵام من بە هەواڵی ئەوەم نەزانیوە ڕاستەوخۆ لە حزب و گرووپێکی سیاسیدا ئەندام بووبێت. بە بۆچوونی من، زیرەک کوردێکی دڵسۆزی کوردستان بوو؛ لە سلێمانی بە بۆکانیدا هەڵدەگوت و لە بۆکان سڵاوی بۆ خەڵکی سلێمانی دەنارد؛ بەڵام لە سەردەمێکی ئاڵۆزدا دەژیا، بە نەخوێندەواری کەوتبووە ناو گێژاوی سیاسەتی دوو دەوڵەتی ئێران و عیراقەوە و بە بۆنەی هاتوچۆی نێوان ئەو دوو وڵاتە (کە زیرەک هەردووولای بە خاکی کورد دەزانی)[٣٠]، دەسەڵاتدارییەکانی هەردوولا بەوەیان تاوانبار دەکرد جاسووسی ئەوی دیکەیان بێت، دەیانگرت، لەزیندانیان دەخست و ئەشکەنجەیان دەدا.[٣١] ئەو سروودانەش کە بە ناوی شای ئێران و ٢١ی ئازەر و شتی لەو چەشنەوە تۆماری کردوون، واهەیە کەمتر خواستی خۆی و زیاتر فەرمانێکی ئیداریی بووبێت لە لایەن بەرپرسانی ڕادیۆکوردییەکانەوە کە ئەوانیش گوشاری حکوومەتیان لەسەر بووە و دیواری زیرەکیان لە گۆرانی بێژەکانی دیکە بە کورتتر دیبێت و ماریان بە دەستی ئەو گرتبێت.



[٢٩] بیرەوەرییەکانی مام عەلی یاسەمەنی، پێشتر

[٣٠] من دە پازدەساڵ پێش ئێستا وتارێکی کورتم بە ناوی "دوو دیدار لەگەڵ حەسەن زیرەک" نووسی و لەسەر سایتی ":ڕۆژهەڵات-بۆکان بڵاوم کردەوە. ئەو دوو دیدارە، یەکیان لە تاران و لەبەر دەرگای ئێزگەی ڕادیۆ تاران بوو و ئەوی دیکەیان لە مەیخانەکەی زیرەک خۆی لە دەوروبەری بانە، هاوڕێ لەگەڵ دوو برادەری ناسیاوی خۆی لە هاوینی ساڵی ١٣٤٨ (؟) کە هێزی ژاندارمریی ئێران کەوتبووە گیانی شۆڕشگێڕانی کومیتەی ئینقلابیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە دەوروپشتی سەردەشت و بانە. سەبارەت بەو دووهەم دیدارەش نووسیومە: "زیرەک گوتی داوای لێبووردنتان لێدەکەم، تکایە پێم مەڵێن گۆرانی بڵێم، ئەوانەی ئەو مێزەی ئەولاوە، هەموو ژاندرمەن، ڕقی دنیام لێیانە، زۆریان بۆ هێناوم گۆرانی بڵێم، گوتوومە نەخۆشم و سەرمام بووە و دەنگم دەرنایەت، با لای ئەوان بە درۆ نەکەومەوە."

[٣١] ئەوەش وەنەبێ تەنیا دەردی زیرەک بووبێت، هەموو ئەو کوردانەی بۆ بژیوێکی ساکار مەجبوور بە هاتوچۆی ئەمدیو و ئەودیوی سنووری دەسکردن، بە قاچاخچی ناوبردە دەکران دەشبوونە جێی گومانی دام ودەزگا ئەمنییەکانی هەردوو وڵات و دەکەوتنە زیندانیانەوە. سنووری ئێران و تورکیاش بۆ کورد لەوە میهرەبانتر نەبوو!



# کەسایەتیی زیرەک

زیرەک مرۆڤێکی میهرەبان و لەبەردڵان و لەگەڵ دۆست وبرادەری خۆی گەرموگوڕ و بەکورتی، خاکی و خەڵکی و خۆ بەکەمزان بوو. چەرمەسەریّ و چەوسانەوە و ئازاری هەژاری و دەربەدەریی سەردەمی منداڵی و لاویەتی و دووری لە دایک و باوک و کەس وکار، زیاتر لە کۆمەڵانی خەڵکی نزیک کردبووەوە و دۆست و هاوڕێیەکی گەلێک زۆری هەبوو. دۆست و یاریدەدەری هەژاران بوو و خۆی لەوان جیا نەدەکردەوە و لەڕاستیشدا زیاترین لایەنگرانی لەناو چینی هەژار و کرێکار و وەرزێری گوندەکاندا بوو- وەک ئەوەی بانگدەری خۆزگە وبریای ئەوان بێت و ئەوە خۆی یەک لەو هۆکارانەیە کە ناوی ئەوی لە دڵی خەڵکەکەیدا زیندوو هێشتۆتەوە و دەنگ و ناو و گۆرانییەکانی تا ئەمڕۆ دەگوترێنەوە. تەنانەت هەندێک شیعری گۆرانییەکانیشی کە جێگەی قێز و بێزی تاقمی تازەپێگەیشتووی لووت بەرزی شارەکان بوو، لای ئەوان پەسندە و دووپات دەکرێنەوە.

هونەری مەزنی حەسەن زیرەک ئەوەبوو ڕەنگدەرەوەی خۆشی و ناخۆشی و شادی و خەمی خەڵکی ئاسایی کورد بوو. ئەرک و ڕەنجی چەندەهاساڵەی هەستێکی لە ناخیدا پەروەردەکردبوو کە خەڵکی هەژار و چەوساوەی، بە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، دەناسییەوە- و لەگەڵیان هاوبەش بوو. ئەوانیش وەک زیرەک، لە گەلێک دیاردەی ژیانی بەختەوەران بێبەش بوون و جودا مابوونەوە: شادی، نان، ئاسایش و ئاسوودەیی. ئەوانە هەموو بەشی بەختەوەران بوون و ئەوان تەنیا دەیانتوانی لەدوورەوە ناویان ببیسن. زیرەک ڕاست بەزمانی ئەوهەژار و بێبەشانە قسەی دەکرد و گۆرانی دەگوت- بە مۆسیقا بوایە یان بێ مۆسیقا، ئاوێنەی ژیانی ئەوان بوو. ئەو هەواڵی ونبوویەکی پێدەگەیاندن: بەختی ونبوو، بەختەوەریی ونبوو! زیرەک لە گەڕان بەشوێن ونبووەکەی خۆیدا لەگەڵ ئەوان دەبووە هاوسەفەر، پێکەوە ڕێگایان دەبڕی و پێکەوە کۆسپ و کڵۆیان تێپەڕدەکرد، هەربۆیەش ببوونە هاودەرد و هاودەنگ و هاوڕێ. زیرەک، هاوڕێی هەژارانی کورد بوو و ئێستاش دوای سەد ساڵ چینی خوارەوەی کۆمەڵگا ئەو هاوبەشییەیان لەگەڵ زیرەکدا هەیە!

کێشەی دوورکەوتنەوە لە کەس وکار لە سەردەمی منداڵیدا، دیاردەیەکی جێگەی لێکۆڵینەوەیە. زۆرکەس بە منداڵی باوکیان مردووە و کەمیش نین ئەوانەی وا دایکیان مێردی کردبێتەوە و بەجێی هێشتبێتن؛ بەڵام هەموو ئەوانە لای باپیرە و خوشک و برا و مام و خاڵی خۆیان گەورەبوون، کە بوونەتە چەتری سەریان و گەیاندوویاننەتە تەمەنی لاویەتی، درەنگتریش ئیش وکارێکیان بۆ دۆزیونەتەوە و لەئەنجامدا خۆیان لە سەر پێی خۆیان وەستاون و ژیانی بنەماڵەیی خۆیان پێک هێناوە- گەرچی واهەیە برینی ئەو بێ دایک و باوکییە لەسەر ڕۆحی هەندێکیان مابێت و تاکۆتایی تەمەن ساڕێژ نەبووبێت- زیرەک بێگومان یەک لەوانە بوو.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

با بزانین زیرەک دوای مردنی باوک و مێردکردنەوەی دایک چی لێ بەسەرهاتووە و وەڵامەکەی لە خۆی وەربگرین:

*"بابم کۆچی[دوایی]کرد، دایکم مێردی کرد زۆر بەدەستوبرد، بەوجۆرە ماڵی ئێمەی بەقوڕگرت، خوشک و برامی دەربەدەر کرد، هەشت نۆ ساڵە بووم بووم بە عەمەلە...ئەم دێ بۆ ئەو دێ، ئەم شار بۆ ئەو شار، لەبەر بێکەسی کەوتمە ئەو هەلە؛ تا یازدەساڵە ئاوا کارم کرد،... هەر دێ و شارم کرد، تار بووم، هەڵاتم، ڕووم کردە سەقز؛ لە دوازدەساڵە بووم بە قاوەچی... هیچ نەمدەپرسی خراپی و چاکی؛ لە پازدەساڵە فیکرم هاتە بەر، دەمگوت کوا براکان، کواخوشکەکانم؟ بەخراپیان زانیم، لێمیان نەگرت خوو؛ لە شازدەساڵە چەند دەرکەم تەقاند، چەندە دزیم کرد، چەند سەرم شکاند؛ لە 'مەراغە' بووم بە تووتنچی، ڕۆیشتمە' تەورێز' بووم بە قاچاخچی؛ شەوێک کە گیرام، تارۆژ لێیاندام بە دار و قەمچی؛ هەتا بیست وچوار کەس نەیگوت تۆ چی؟"* (چریکەی کوردستان، دانراوی حەسەن زیرەک).

ئەوە کورتەی ٢٤ ساڵ ژیانی زیرەکە لە زمان خۆیەوە. ئەو کارەساتانە و ئەو ئاوارەیی و دەربەدەرییە لەو تەمەنە کەمەدا بۆ منداڵێک و مێرمنداڵێک ئاسایی نییە، ئەویش لە کۆمەڵگای بچووکی گوند یا شاروچکەیەکی وەک بۆکانی ئەو ساڵانەدا و بەبێ هیچ چەشنە پارێزگاری و پشتگیرییەکی حکوومی یان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.

دوورکەوتنەوە لە داوێنی دایک و سەرپەرشتیی باوک و ڕۆیشتنی براکانی هەرکام بەلایەکدا *(براکەم گەورەبوو، کچێکی ڕفاند، ئەمنیشی تار کرد، هەر دێ و شارم کرد. چریکەی کوردستان، هەمان)*، لە لایەکەوە کەسایەتییەکی ئازا و قورس و قایم و خۆڕاگر و بەربەرەکانیکاری تێدا پەروەردەکرد، لەلایەکی دیکەوە کردیە مرۆڤێک کە خۆی لە زەمان و مەکان ئازاد کردبوو و تەنیا لە "ئێستا"دا دەژیا، نۆرمە ئاساییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی وا لەگەڵی بێ بەزەییانە جووڵابوونەوە، بە هەند وەرنەدەگرت، و دژ بە زۆریان دەوەستا، گوێی نەدەدا هەندێک نەریت و دابو ڕەسمی کۆمەڵگا، عارەقی دەخواردەوە، نوێژ وڕۆژووی نەبوو، ژنی هەڵدەگرت و تەڵاقی دەدان، لە شوێنێک ئۆقرەی نەبوو و نەدەحاوایەوە. لە ئەنجامدا، دەبینین لە خۆشترین کات و ساتی ژیاندا، ڕادیۆ بەغدا و کرماشان بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە سەر دۆخە ئاوارەیی و شارەوشارکردنەکەی جارانی، بەڵام ئەمجار بە برینێکی گەورەتر بەسەر ڕۆح و گیانیەوە- دوورکەوتنەوە لە هاوسەر و منداڵە خۆشەویستەکانی- برینێکی قووڵ، کە تا دەهات قووڵتر دەبووەوە و هیچ دوکتۆر و دەرمانێک لە هیچ شار و گوندێک نەیدەتوانی بۆی سارێژی بکات؛ سەقز و سابڵاغ و بانە و شنۆ و بۆکان تەقاندن هیچی پێنەکرا، تا ئەوەی گەیاندیە داوێنی ناڵەشکێنە!

ئەوە چ تۆفانێکە لە ڕۆحی زیرەکدا هەڵیکردووە، کە هێوربوونەوەی بۆ نییە و بەردەوام لە پەرەسەندندایە؟ چ سەوداسەرییەکە لە بار و مەیخانە و شایی و هەڵپەڕکێی تارانەوە دەیرفێنێت و دەیگەیەنێتە خانەقای سەیدی زەنبیل؟ واهەیە بگوترێ دۆستایەتی تاکێک[٣٢] هۆکاری کرانەوەی ڕێگای زیرەک بوو بێت بۆ زەنبیل و تۆبەکارییەکەی! بەڵام گرنگ کەسەکە نییە، خودی زیرەک و ڕۆحە بێ ئارامەکەی ئەوە کە هەڵیدەگرێت و دەیبات. نووشتەی سەیدی زەنبیل نەک هەر چاری دەردی ناکات، بەڵکوو خۆی و هاوسەرەکەی بە شەڕە تفەنگ لە گوندەکە و لە ژێر چنگوڕی هەندێک کەسی ناو خانەقا ڕزگاریان دەبێت.[٣٣]

تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤ، ئەستەمە و ناخی ئاڵۆزی زیرەک لە زۆر کەسی دیکە ئەستەمتر. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئێمە ئێستا هەندێک سەرهەودای وەک ژیننامەکەی خۆی و گێڕانەوەی کەسوکار و دۆست وبرادەریمان بەدەستەوەیە کە شوێن کەوتنیان واهەیە هەنگاوێک لەو تێگەیشتنە و دۆزینەوەی هۆکاری ئەو نائارامی و بێ ئۆقرەییەمان نزیک بکاتەوە:

- باوکی زیرەک لە تەمەنی منداڵیی ئەودا کۆچی دوایی کردووە و حەسەنی کوڕی بە بێ باوکی ماوەتەوە؛ ئەو مردنی باوکە، بۆ منداڵێکی شەش حەوت ساڵانی هەژار لە کۆمەڵگای ئەو ساڵانەی بۆکاندا، گەورەترین شۆکی ڕۆحی و زیانێکی گەورەی دەروونی لێداوە.
- شۆکی دووهەم، شووکردنەوەی دایکی و بەجێ هێشتنی پێنج منداڵی بچووک بووە کە دووهەمیان هێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی بلووغ؛
- چوونەدەر لە ماڵ و بەشوێن پارووێک ناندا شارەوشارگەڕان، خۆی گوتەنی، خستوویەتە بەر "شەق و لێدان و چەندجار کەوتنە زیندان" لە شارەکانی عەجەمستان. ئەوانەی بە هاسان بۆ نەچۆتە سەر و لێدانێکی دیکە بووە لە ڕۆحی هەستیاری و ئەوەش شۆکێکی دیکە؛
- چوون بۆ عیراق و گیرسانەوە لە بەغدا بۆ کەسێکی نەخوێندەواری عەرەبی نەزان و بێ ناسنامەی فەرمیی وڵاتەکە، ئەوپەڕی ناچاری و بێدەرەتانییە و تا کاتێ کە ئەوراقی فەرمیی بۆ پێکدەهێنرێت، ترس ودڵەڕاوکێیەکی بەردەوام لە دڵیدا بووە و ترسی گیران و کەوتنە زیندانی عارەبان، ئاسایش و هێمنایەتی ڕۆحی لێ بریوە. ئەوەش شۆکێکی دیکە؛

سەرەڕای ئەو حاڵەتە ڕۆحییە، زیرەک لە ساڵانی ژیانی ناو بەغدا و کەرکووک و هەولێر و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا نوورێکی هیوا دەرژێتە ژیانە تاریک و تنۆکەکەیەوە و بۆ ماوەیەک لە شادی و خۆشییەکدا دەژی کە پێشتر نەیبینیوە و نەیچەشتووە، هەر لە

[٣٢] وێدەچێت مام عەلی یاسەمەنی، هاوڕێی منداڵی تا مردنی زیرەک، کە خۆی خەڵکی زەنبیل و ناسیاوی بنەماڵەی شێخ بوو، سەرەتای سەفەرەکەی بۆ دامەزراندبێت و ئەوە لە وتووێژی ناوبراو لەگەڵ مامۆستا محەمەد ڕەمەزانی (پێشتر)، دەردەکەوێت.

[٣٣] بیرەوەریی مام عەلی یاسەمەنی، پێشتر.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سلێمانیش بۆ یەکەمجار زەواجی کردووە. زیرەک تا کۆتایی تەمەن خۆی بە مەمنوون و منەتباری کوردی باشووری کوردستان دەزانێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵ مامۆستا عەلیمەردان و هونەرمەندانی مۆسیقار و هەندێک کەسایەتیی دیکەی باشوور، پیشاندەری ئەو پێزانییەیە.

♪ شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ی عیراق، کە شادیی خستە دڵی زوربەی خەڵکی وڵاتەکە، بۆ زیرەک شۆکێکی تازە بوو. ئەو کە لە سەر ڕادیۆی کوردیی بەغدا جێگە و پێگەیەکی پەیداکردبوو و بووبوە ناسیاوی کۆمەڵانی خەڵک و بانگەوازی گۆرانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیستبووەوە و دەیزانی ئێوارانی ڕۆژانی سێ شەممەی هەموو حەوتوویەک لە زۆر ماڵاندا جەژن و شادییە لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی ئەو بۆ ماوەی ١٥ خولەک بڵاو دەکرێنەوە و ئەوانەش کە ڕادیۆیان نییە، هەوڵ دەدەن لەو شەوانە دا بچنە ماڵی دەوڵەمەندی خاوەن ڕادیۆ، بە ماوەیەکی کەم دوای شۆڕش، مەجبوور بوو نەک هەر ئەو ڕادیۆیەی وا بووبووە هۆی ناساندنی بە کۆمەڵانی خەڵک، بەڵکوو هەر خاکی عیراق بە باشووری کوردستانەوە بەجێ بهێڵێت و ڕووبکاتەوە ئێران- ئێرانێک کە لە سەر سنووری مەیوان گرتی و بۆ ماوەیەک لە زیندانی بنکەی ژاندارمێری باشماغدا هێشتیەوە؛ گۆرانیبێژە ناسراو و ناودارەکەی کورد کەوتە بەردەستی ژاندارمی ئێرانی و لەجیاتی پێشوازیلێکران و پێشکەشکردنی دەستەگوڵ، لە زینداندا چاوەڕێی ئیجازەی گەڕانەوە بۆ زێدەکەی خۆی کرد![34] ئەوەش کۆسپێکی دیکە و لێدانێک بوو لە هەست و ڕۆح و کەسایەتییەکەی، بەتایبەت کە هاوسەرەکەی خۆیشی لەگەڵ نەهاتبوو؛[35]

♪ تا ئەوەی ساواک و حکوومەتی ئێران مۆڵەتی پێبدەن بچێتە سەر ڕادیۆ کوردییەکانی ئێران، ماوەیەکی پێچوو و ئەو ماوەی چاوەڕوانی و بێکارییە گوشارێکی ڕۆحیی زۆری خستە سەر هەست و بیری زیرەک؛

♪ بە گەیشتنە سەر ڕادیۆی کوردیی تاران و کرماشان و پێکهێنانی ژیانی بنەماڵەیی و بە تایبەت لەدایکبوونی دوو کچەکەی، دەرگای بەهەشتێکی بۆ کرایەوە و کەسانێک کە بیانەوێ بە شریتی ٥١ ساڵەی تەمەنی زیرەکدا بچنەوە، لەو قۆناغەدا دەنگی خۆشی و شادیەک دەبیسن کە لەگەڵ دەنگەکانی دیکەدا نامۆیە؛

[34] . کاک ئەسعەد سیراجەددینی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "من ئەودەم لە مەریوان لە ماڵی 'ئاشەریف چاوشی نژاد'، دەرسم ئەخوێند کە زڵە کەوتە ناو شار و وتیان حەسەن زیرەک لە پاسگای ژاندارمێری 'بایوە'ی باشماخە و چاوەڕێیە ئیجازەی پێ بدرێ بگەڕێتەوە بۆ ناو ئێران. باوەڕ بکەن شار چۆڵ بوو و خەڵک چوون بۆ دیتنی زیرەک. من بە چاوی خۆم بینیم کە کۆمەڵێک خەڵکیش پارەیان کۆ ئەکردەوە بۆ ئەوەی وەک باربوو بیدەنێ.

[35] وێدەچێت زیرەک لە گەڕانەوەی ئێرانیدا، لە هاوسەرەکەی جیا نەبووبێتەوە لەبەر ئەوەی هەواڵێک وا دەگەیەنێت کە دوای ئیزدیواج لەگەڵ مێدیا خانم، ئەو خانمە هەژارە خۆی دەگەیەنێتە تاران و دەچێتە ماڵیان، لەوێدایە کە زیرەک تەلاقی دەدات و بە هەندێک باربووی ماڵەوە دەیگەڕێنێتەوە بەغدا. بڕوانە، مام عەلی یاسەمەنی، پێشتر

♪ بەڵام ئەوەش هەو نەبوو! دوو کۆسپی گەورەی ژیان، ڕاست لەم قۆناغەدا هاتنە سەر ڕێگای زیرەک- دوای ماوەیەک هاتووچۆی گوندی زەنبیل و بە شان وباڵی شێخدا هەڵگوتن و تۆبەکاری و دەستهەڵگرتن لە عارەق خواردنەوە، لەپڕ جێگەی پێ لێژکرا و هەستی کرد کە چیتر ناتوانێت درێژە بە ژیانی بنەماڵەیی بدات و ئەو و میدیا خانمی زەندی لێک جیابوونەوە. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو ڕووداوە گەورەیە، کاری ڕادیۆشی بەجێ هێشت، یا پێیان بەجێهێشت و زیرەک گەڕایەوە سەر حوللەی مەرەسێی جاران! ئیتر مایەوە خۆی و خۆی و خۆی؛ نە هاوسەر، نە منداڵەکانی و نە ڕادیۆ! بەرگی هەموو ئەوانە بە ماوەیەکی کەم لەبەری داماڵران و زیرەک بووەوە هەمان زیرەکی ڕەبەنی سەوداسەری جاران. بەڵام ئەو دوو کۆست وکۆسپە تازەیە، ئیتر وەک ئەوانی پێشوو نەبوون و زیرەکیش کوڕەلاوە بێعارە گوێنەدەرەکەی پێشوو نەمابوو بتوانێ کێوباری قورسی ئەو لەدەستچوونانە بەشان هەڵبگرێت. شان شکا و زیرەکی پەککەوتەی تەریک کەوتوو سەری لە سەقز و بانە و شنۆ و لە کۆتاییدا بۆکان دەرهێنا. زیرەک بە گۆڕینی جوغرافیا ڕاهاتبوو، بەڵام ئەمجار گلۆڵەی تەمەنی وەها سەرەو لێژ ببووەوە کە شارەوشار گەڕان نەیتوانی ڕایبوەستێنێ و لە ماوەیەکی کەمدا گەیاندییە نەخۆشخانەی بۆکان و داوێنی ناڵەشکێنەی دایک!

♪ واهەبوو ئەگەر ژیانی بنەماڵەیی لەلایەک و ئیشوکاری ڕادیۆکە لەلایەکیتر، بە هێمنی و بەشێوەی ئاسایی بچواینەتە پێشەوە و بەردەوام بوایەن، زیرەک چارەنووسێکی دیکەی ببوایە. بەڵام کێ دەزانێ وا دەبوو! ئەگەر زیرەک ئەوە بوایە کە بوو، ئەگەر ژیانی ئەوە بوایە کە بوو، ئەگەر ژینگەی دەوروبەریشی ئەوە بوایە کە بوو، بۆچی دەبوو چارەنووسێکی جیاواز لەوەی بوایە کەبووی؟! زیرەک عیسایەک بوو کە خاچی خۆی بەشان هەڵگرتبوو، ماوەی ٥١ ساڵ لە "جولجوتا"ی ناڵەشکێنە دەگەڕا لێی دابنێت و پێیدا هەڵگەڕێت. لە ١٩٢١/١١/٢٩دا بوو کە ونبووەکەی خۆی دۆزییەوە، باری قورسی سەرشانی دانا و بە هێوریی پێیدا هەڵگەڕا. ئەو مەنزڵە نوێیەت پیرۆز بێت ئەی قیددیسەکەی گەلی کورد!

من بەو شێر و ڕێوییانەی هێناومەتەوە ویستوومە بڵێم زیرەک لە منداڵییەوە تا پیری لە سەر هێڵی ژیانێک ڕۆیشت کە تایبەت بەخۆی بوو؛ هەر ئەو هێڵەش بارودۆخ و تایبەتمەندیی ژیانی بۆ دیاری کردبوو. "ژێن" و میراتی سروشتی هاوڕێ لەگەڵ هەژاریی بنەماڵە، نەخوێندەواری، ئاوارەیی، کار و زەحمەت و چەوسانەوە، هەموو بەسەریەکەوە هەویری کەسایەتیی زیرەکیان شێلابوو و تایبەتمەندییەکی دەروونییان پێ بەخشیبوو کە ئێمە کارکردی دەروەیمان دەدیت و لە ناوەوەی بێ هەواڵ بووین. زیرەکیش وەک هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئەم جیهانە، ئەو ڕێبازانەی بە خواستی خۆی هەڵنەبژاردبوون. ئەوە هاندەرە دەروونییەکان و بە کورتی، سایکۆلۆژی و "جێن"ەکان بوون کە

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەیانجووڵاند و دەیانبرد بەڕێگەوە. کۆبوونەوەی هەر ئەو میراتانە و کارکردی سروشتییان لەسەر یەکتر، ئەوەی لێ دەردەهات وا هەستە دەروونییەکانی دەیانویست، بەڵام ئەو ویستەش خرابووە قاڵبی کۆمەڵگایەکەوە کە تێیدا دەژیا و لەودا واتا و نموودی پەیدادەکرد. ئەو میراتانە، زیرەکیان گەیاندە سەر ڕادیۆ، پەیمانی ژن و مێردایەتییان پێ بەست، زنجیری پەیمانەکەیان پێ پچڕاند، لە ڕادیۆیان هێنا دەرێ و بە نەخۆشی، لە غەریبی و تەنیاییدا هێشتیانەوە.

داوەریکردن لەسەر ژیانی تاکەکەسیی زیرەکیش وەک هەموو کەسێکی دیکە، نە هاسانە و نە کارێکی چاکە؛ ئەگەریش بکرێت، دەبێ هەموو ئەو سەرەتا و هۆکارانە و زۆر لایەنی دیکەشی تێدا بگیرێتە بەرچاو، کە بەسەریەکەوە کەسایەتیی ئەویان خوڵقاندبوو.

زیرەک تەنانەت لەو سەردەمە ناخۆش و مەینەتبارەی ساڵانی کۆتایی ژیانیشیدا تەبعی بەرز و شایی بەخۆییەکەی خۆی پاراست و دەگمەن لە شایی و داوەتدا گۆرانی بن بزوکەی بۆ گەڕی هەڵپەڕکێ گوت و لە ئەنجامدا ئەو سەرچاوەی داهاتەش کە دەیتوانی بەشێک لە بژیوی دابین بکات، کوێر بووەوە و مایەوە خۆی و گەروویەکی ناوازەی ئاواز گوتن و خەمێکی گەورە و گرانی لەدەستچوونی بنەماڵە و نەمانی ڕادیۆ و داخرانی کەسب وکار و گیرفانێکی بەتاڵ لەناوجەرگەی شاری سەقز و بانە و شنۆ- ناوێکی گەورە و دێیەکی وێران! هەر لەو سەروبەندە و لەو بێ هیواییەدایە کە دەڵێ "نامەوێ ئیتر چاوم بە ئینسانی کورد بکەوێت". ڕاست لەو سەردەمە ئەستەمەشدایە قۆرتی شێرپەنجە دەبێتە میوانی نەخوازراوی ئەو ماڵە وێرانە، زەحمەتی ڕابیعە خانم، هاوسەرە بەوەفا تازەکەی، ناتوانێ بەرگر بێت لە هەرەسهێنانی دیواری لاڕووخاوی ژیانی زیرەک و شەمی تەمەنێکی پڕ کوێرەوەری بەرەو کۆتایی دادەخوشێت و دەیگەیەنێتە داوێنی ناڵەشکێنە.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# نەخۆشی و ماڵئاوایی لە ژیان

دوای مردنی هەموو کەسایەتییەکی گەورە و ناوبەدەرەوە، ئەفسانە و ئوستوورە و بابەتی دوور لە واقیعی زۆری بۆ هەڵدەبەسترێت. ئەو دیاردەیە لە سەردەمانی کۆنەوە لە کۆمەڵگای جیاجیای مرۆڤایەتیدا بینراوە. سەیری شوێنکەوتووانی مووسای پێغەمبەر بکەن کە ڕووباری نیل دەوەستێنن و دابڕی دەکەن، یان موسوڵمانان کورەی مانگ بە ئیشارەی دەستی پێغەمبەری ئیسلام دوقاش دەکەن و دوایی چاکی دەکەنەوە و دەیبەنەوە ئاسمان، یان ژن- خودای میهرەبانی ئاناهیتا، لای زەردەشتی و موسوڵمانان دەبێتە بوونەوەرێکی جێگەی ترس وەک ئاڵ و 'ساحیبی ئاو' و سەدان نموونەی وا لە ئوستووره و ئەفسانەی یۆنان و گەلانی دیکەی جیهاندا کە یەکیان هێنانە سەر جادەی دەیان و سەدان ملیۆن کەس و خۆ بریندار کردنیان لەبەر خاتری کووژرانی کەسێک لە ڕۆژی عاشووڕای هەزار و چوارسەد ساڵ پێش ئێستادا.
سەردەمی ئێمەش ئەو دیاردەیەی کەم بەخۆیەوە نەدیوە. ئێستاش بەشێک لە لایەنگرانی هونەری ئێلڤیس پریستلی و مایکڵ جاکسن لە ئەمریکا لایان وایە ئەو دوو هونەرمەندە زیندوون و نەمردوون، یاخود بەشێک لە خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)، وێنەی خومەیبییان لە سەر کورەی مانگ دەدیت.
زیرەک ئەوە بوو کە پێشتر گوترا؛ نە قارەمانی دێوقڕان بوو، نە ترسەنۆکێکی ژێر چەپۆکە؛ نە پێشمەرگەی گیان لەبەری دەست بوو، نە جاشی وەتەن فرۆش؛ مرۆڤێکی ئاسایی کۆمەڵگای کوردی سەدەی بیستەم بوو بە گەروویەکی ئاوازی ناوازە و هەستێکی ناسک و مرخێکی بەرزی شاعیرییەوە؛ مرۆڤێک بە زۆر خوو وخدەی باش و خراپەوە. بەڵام هەرچی بوو، هونەرمەندێکی خۆشەویستی گەلێک بوو کە چاویان بۆ کەسێک دەگێڕا شادییەک بخاتە دڵیانەوە و نوێنەرایەتیی هونەرە میللییەکەیان بکات و لە فەوتان بەدەست داگیرکەرانی خاک بیانپارێزێت. زیرەک بە باشیی توانی وەڵامی ئەو متمانەیەی خەڵکەکەی بداتەوە، بەش بەحاڵی خۆی بەشێک لە هونەری مۆسیقای کوردیی پاراست و نەیهێشت دەستی چەپەڵی دوژمنان بیانفەوتێنێ؛ هەر ئەوەندەش بۆ مرۆڤێک بەسە.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بەشی دووهەم، کارە هونەرییەکانی زیرەک

## سەرچاوەکانی مۆسیقای زیرەک

دەنگخۆشی دیاردەیەکی سروشتییە و لەگەڵ لە دایکبوونی کەسەکەدا، لەدایک دەبێت، بەڵام ژینگە (بنەماڵە و سەردەم، وڵات و دەرەتانە کۆمەڵایەتی-سیاسی-ئابوورییرکان) دواتر سەرهەڵدەدەن و هونەرمەندێک دەخوڵقێنن کە بە گوێرەی ڕادەی دەرەتان و ئازادی، دەبێتە ڕوخسارێکی هونەریی گەورە کە لەدەرەوە، وڵات و گەلەکەی بە ناوی ئەوەوە دەناسن. ئەوە لە هەموو وڵاتانی جیهان بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە بینراوە.

لە دەرەتانی بێ دەرەتانی کە حەسەن زیرەک تێیدا ژیاوە، نە مامۆستایەک و نە تەنانەت خوێندەوارییەک و نە فێرگە و کۆنسێرواتوارێک نەبوون دەستی هونەری بگرن و بیبەن بەڕێوە. ئەوی بووە ئامێتەیەک بووە لە دەنگی خۆش و شاعیرییەکەی خۆی و ئەو مامۆستا بۆ ئێمە نەناسراوانەی بۆکان و بلێندگۆی ڕادیۆی بەغدا، کە دواتر ڕادیۆی کوردیی تاران و کرماشانیشی لێ زیاد بوو، هاوڕێ لەگەڵ گوێچکەی بە مۆسیقای فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کورد ڕاهاتوو، کە بە بێ ئەو هیچ سەرکەوتنێک مسۆگەر نەدەبوو. ئەو پێکهاتەیە توانیویەتی بەشێکی زۆر لە ناتەواوییە قانوونمەندەکانی بواری مۆسیقا بۆ زیرەک پڕ بکەنەوە و لە چاوساغی و قاوەچییەتییەوە بیگەیەننە لوتکەیەک کە کەمتر هونەرمەندێکی کورد توانیویەتی پێی بگات و لە کۆڕ و کۆمەڵاندا، وڵاتەکەی بەناوی ئەوەوە بناسن.

لەو پەیوەندییەدا گرنگە بزانرێت چ پەیژەیەک بوو زیرەکی پێدا هەڵگەڕا و چ کەرەسەیەک بوو کەڵکی لێوەرگرت بۆ ئەوەی بگاتە ڕیزەکانی یەکەمی مۆسیقای کوردی.

### ♪ بەهرەی شەخسی

ئەوە یەکەم سەرمایەیەک بووە زیرەک لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە لە بۆکانەوە بردوویەتە هەموو ئەو شار و شوێنانەی کە دەزانین. بەبێ ئەو سەرمایەیە هیچکام لە دەسکەوتەکانی تەمەنی دەستەبەر نەدەبوو. بەهرەی سەرەکیی زیرەک بریتی بوون لە:

- دەنگ خۆشی
- شایەری و هەڵبەستەوانی
- توانا و ویستی کەڵک وەرگرتن لە گەنجینەی مۆسیقای نەتەوەیی کورد و گوتنەوەیان

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- ئەفراندن هەم لە بواری مۆسیقا و هەم لە گۆڕەپانی شیعری گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا
- توانای گونجاندنی بەرهەمی پێشینیان لەگەڵ شێواز و ئوسلووبی تایبەت بە خۆی
- ناسیاوبوون لەگەڵ فەرهەنگی هەمەچەشنەی خەڵکی کورد و غەیری کورد لە جوغرافیایەکی بەرینی بەشەکانی کوردستان (کەم و زۆر بە هەموو زاراوەکانیەوە) و گەلانی دراوسێش (ئێرانی، ئازەربایجانی، تورکمانی، عەرەبی و...)

## ♪ ئەو مێلۆدییانەی وا زیرەک لە پێشینیانی خۆی وەریگرتن

دیارە لە سەردەمی ژیانی زیرەکدا بۆکان خاوەنی قوتابخانە و کۆلێجێک یان کۆنسێرڤاتواری مۆسیقا نەبووە کە مۆسیقار یان دەنگ بێژ پەروەردە بکات، ئەو چەند مامۆستایەش وا بەختەوەرانە ئێستا لە شارەکەدا هەن، ئەودەم بوونیان نەبوو و هێشتا بەیت و گۆرانی وەک دوو لقی بەبرەوی مۆسیقای کوردی، تەنیا لە ڕێگەی گوێگرتن لە خەڵکانی دیکەوە فێردەکرا و فێرخوازان دەیانتوانی لەحن و ئاواز یا شیعر و کەلامی بەیتەکان لە ڕێگەی گوێڕاگرتنی ڕاستەوخۆوە لە کەسانی پێش خۆیان وەربگرن، هەربۆیەش دەماودەم گەڕانی بەیت وباو دەبووە هۆی وەدیهاتنی چەشنایەتی و کەمتر وابوو فێرکارێک عەینوبیللا بابەتەکە وەک مامۆستاکەی خۆی بڵێتەوە. هاوکێشە، لە بابەتی گۆرانیشدا جیاواز لە بەیت و بەند نەبوو.

بۆچوونێک دەڵێ، "فێرگەی فێربوونی گۆرانی گوتن و موزیکژەندن [لە ناوچەی موکریان و دیارە لە هەموو کوردستانیش] بۆ ئەوانەی وا ویستوویانە فێریان بن، بەلای زۆرەوە هەر قاوەخانە و دیوەخانی گەورەمالان و دەرەبەگان بووە."[٣٦] بەڵام ئاشکرایە نابێ بە بۆچوونێکی ئەوتۆ پێگە و پایەی مۆسیقا لەناو <u>خەڵکی ئاسایی کورد</u>دا بهێنینە خوارەوە. تەنیا بە هەڵکەوت بووە هونەرمەندی بواری مۆسیقا و بەگشتی هونەر لە کۆمەڵگای کوردستان، یەکیشیان زیرەکی پێش سەردەمی ڕادیۆ بەغدا و تاران، کە بە ڕاتبە و خەڵاتی ئاغاوەت و دەرەبەگان بژیوی خۆی دابین بکات. هەرچۆنێک بێت، بۆ ئێمە کە ئەمڕۆ بمانەوێ سەرچاوە و مامۆستاکانی مۆسیقایی زیرەک بدۆزینەوە، لە نەبوونی خۆیدا، دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی وا زیرەک ڕاستەوخۆ گۆرانییەکانی لەوان وەرگرتووە ئەستەم دەنوێنێ.

تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی ڕێچکە و شوێنی ئەو کارتێکەرییانە لەسەر زیرەک بدۆزینەوە، دەبێ کەڵک لە بیرەوەریی نووسراو، یان گوتراوی خەڵکانی دەوروبەر و ناسیاوانی هونەرمەندەکە وەربگرین. من

---

[٣٦] محەمەد حەمە باقی، "مێژووی موزیکی کوردی"، چاپی سێیەم، دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، هەولێر ٢٠٠٩، لاپەڕە ٢٤٩. نووسەر ئەو بۆچوونەی لە ڤاسیلی نیکیتینەوە ڕاگواستووە، کە ئەویش لە ئۆسکارمانی وەرگرتووە.

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لێرەدا سەردانی هەندێک لەو سەرچاوانە دەکەم کە زۆر و کەم هی سەردەمی ژیانی زیرەک، یان بە ماوەیەکی کەم پێش ئەو، بوون باوەکوو سروشتییە ئەگەر سەرچاوەی دیکەش هەبن و من لێیان بێئاگا بم:

- ئیبراهیم ئەفخەمی لە کتێبەکەی خۆیدا کە بە فارسی نووسیویەتی، باسی ژیانی سەردار عەلیخانی بابامیری (چوارەم سەرداری بۆکان) دەکات و ناوی چوار "آوازخوان، مطرب و مغنی" دیوەخانی ئەو دەبات کە بریتین لە:

عەبدوڵڵا ڕەش،[37]

سەید تەها،

عەزیز بۆکانی، و

میرزا قادری تارزن[38]

ئەفخەمی دەڵێ ئەو کەسانە "... لە جەژن و ڕێ و ڕەسم و میوانداریەتی [سەردار]دا مەجلیسیان ڕازاندۆتەوە."[39]

سەردار عەلیخان لە ساڵی ١٩١٤ دا بۆتە جێگری سەردار حەمەحوسەین خانی باوکی و تا ساڵی ١٩٣٢ لە ژیاندا بووە. ئێستا ئەگەر زیرەک لە ساڵی ١٩٢١ دا هاتبێتە دنیا و بە قسەی کاک عەلی یاسەمەنی دۆست و هاوڕێی منداڵیی زیرەک، هەر لە منداڵیشەوە گۆرانی گوتبێت، ئەودەم دەکرێ بڵێین کارتێکەریی مۆسیقای ئەو کەسانەی لەسەر بووە لەبەر ئەوەی بۆکانی ئەودەمە گوندێکی گەورە زیاتر نەبووە و سەردار و قەڵای نیشتیەجێی ئەو و دەنگبێژ و مۆسیقارەکانی لە نێو خەڵکدا ژیاون و ئەوە نەبوون کە نەناسرێن و نەزانرێ کێن. بەتایبەت کە ماڵی زیرەکیش لەسەر گردی قەڵا هەڵکەوتووە.[40]

هەر کاک عەلی یاسەمەنی لە وتووێژەکەدا، ناوی ئەم کەسانە دەبات کە لەو ساڵانەی بۆکاندا کاری مۆسیقاییان کردووە:

عەبە ڕەشی دەهۆڵژەن،

حەمە حوسەینی زوڕناژەن،

شەنگەجووی گۆرانی بێژ و

خەلیفە ئامینی قەمتەرەیی، کە لە بۆنەی ئایینیدا دەفەی لێداوە

---

[37] . دیواری پشتەوەی ماڵی ئێمەش لە بۆکان (گەڕەکی سەر حەوزەگەورە) بە دیواری ماڵی ئەو کاک عەبدوڵڵایە و خات فاتمی هاوسەرییەوە بوو. پیاوێکی باڵابەرز، کە پیشەی ڕۆژانەی ئاسنگەریی بوو، بەڵام لە بۆنەی وەک شایی و هەڵپەڕکێی ماڵاندا، دەهۆڵی دەکوتا.

[38] دەبێ هەمان "قادری میرزا ئۆقە" ی خەڵکی سابڵاغ بێت کە دواتر باسی دەکرێت

[39] ابراهیم افخمی، "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان- بوکان"، ناشر مولف، چاپ تبریز ١٣٦۴ [١٩٨٥]، صفحه ٢٣٢.

[40] دەگوترێ دوو ماڵیان بووبێت، کە ئەوی یەکەمیشیان هەر لەو دەروبەرە بووە.

کاکم، عومەر سوڵتانی "وەفا" لە پەخشانە شیعری "بیری ڕابردوو"دا، کە تایبەت بە ژیانی سەردەمی منداڵی و لاویەتی خۆی لە بۆکان کراوە، ناوی چەند مۆسیقار و گۆرانی بێژی بۆکانی دەبات:[٤١]

عەبە چاوش

کا حەمە حوسەین [ی زوڕنا ژەن؟]

حەمە حوسەینی خات سافیە

عەلی حوسەینی کەچەڵ[٤٢]

خاڵێکی گرنگ لە پەخشانە شیعرەکەی وەفادا ئەوەیە ئاماژە بە ناوی چەند گۆرانی دەکات کە لەو سەردەمانەدا گوتراون و وەک دەبینین ئێستا لە لایەن گۆرانی بێژانی دیکەشەوە دەگوترێنەوە. بۆ نموونە، گۆرانی "کراس زەردێ" کە حەمە حوسەینی خات سافیە گوتوویەتی یان "خەجێ خەزێمە"[٤٣] کە عەلی حوسەینی کەچەڵ گوتوویەتی. ئاشکرایە زیرەکی دەنگ خۆشیش دەبێ وەک کوڕەلاوێک گوێی لەو گۆرانییانە گرتبێت و دووپاتی کردبێتنەوە.

جگە لە گۆرانی بێژە بۆکانییەکان دەبێ هونەرمەند و مۆسیقاری شارەکانی دیکەی دەوروبەریش لە شایی و بۆنەکاندا سەردانی بۆکانیان کردبێت و زیرەک وەک منداڵ و مێرمنداڵێکی دەنگخۆش گوێی بۆ ڕاگرتبێتن و شتیان لێ فێر بووبێت.[٤٤] بۆ نموونە، دەگوترێت هونرمەندی گەورەی کورد سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە سەر ڕێگای چوونی بۆ مەهاباد، لای کەم جارێک لە بۆکان لایدابێت و لە قاوەخانەی حەمەحوسەینی خات سافیە، ڕووبەڕووی حەوزەگەورە، گۆرانی چڕیبێت. ساڵی ڕووداوەکە تەواو ڕوون نییە لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی بەردەست لەسەر ساڵی لەدایکبوونی سەید عەلی ئەسغەر هاودەنگ نین و بەو پێیە دەکرێ سەفەر، یان سەفەرەکانی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٢ یان پێنج ساڵ پێش ئەودا بووبێت. زیرەک لەوساڵانەدا دەبێ ٦ یا ١١ ساڵان بووبێت. مامۆستا هێمن لە پێشەکی کتێبی "تحفە مظفریە"ی ئۆسکارمان دا سەبارەت بە دەنگخۆشەکانی ناوچەی مەهاباد دەنووسێ "...ئەوی بیانناسم و گوێم لە دەنگیان بووبێ و بە هونەرمەندم زانیبن ئەوانە بوون: مەجیدە گڕوێ، دەروێش سەرڕاو، حاجیلەی ئینەدرقاشی، سەید عەولای سەید مینەی، عەزیزە خڕە، حەمەدی ئاغای وسێن کەنیلە، هەباسە خڕە، شەریفی مام سەعیدی و وسێن زارخوار."

---

[٤١] عومەر سوڵتانی (وەفا)، "بیری ڕابردوو"، کتێبی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا" نووسینی ڕەحمان محەمەدیان، بەرگی ١، چاپی کۆڵەپشتی، تاران ١٣٨٩ [٢٠١٠]، لاپەڕە ٣٦٤ تا ٣٧٢

[٤٢] هەروەها حەسەنە کوێر و عەبە چکۆل کە هی ساڵانێکی دوای ئەوانن.

[٤٣] "ئەرێ خەجێ خەزێمە/ پابنێ وەبان گلێنە/ زەردە لیمۆت وا بێنە/ بەفراوی سەر تەزێنە! ئەرێ دیدەم نەونەمام، جوانێ گیان باڵا نەونەمام، ئەی خڕێ باڵا نەونەمام، ئەرێ هەتاکوو مەردەن جوانێ گیان من هەر بە تەمام، وەی خڕێ من هەر بەتەمام." من خۆم ئەو گۆرانییەم ساڵانێک دواتر لە سەر ڕادیۆی کوریی تەورێز بە دەنگی نەمر هەمزاغای حەمیدی بیست و جارێکیش لە لەندەن کە هەمزاغا هاتبوو سەردانی ماڵی کاک عومەری حەمیدی بکات، لێم بیستەوە. نەمر محەممەدی ماملێ وەک "خەجێ خەزێنە" گوتوویەتەوە.

[٤٤] بە تایبەت کە گۆرانی بێژی ئەویندار شەوانە بە کۆڵانی ماڵی یارەکەیدا هاتوچۆی کردووە و بە دەنگی بەرز گۆرانی گوتووە. تەنانەت بە تەمەنی منیش کە بە گوێرەی ناسنامە بۆر، ٢٣ ساڵ دوای زیرەک هاتوومەتە دنیا، ئەو ڕەسمە لە بۆکان هەر هەبوو و زۆریش ئاسایی بوو.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

مامۆستا لە درێژەی نووسینەکەدا ئاماژە بە ناوی ئەم ژنە گۆرانی بێژانەی ناوچەی مەهابادیش دەکات: فاتە ڕەشی لاچینی، مەنیج حەیران و زلەخا چوختی و سەبارەت بە دوو کەسی دوایی دەڵێ "دەفەیان لێدەدا وگۆرانیی داوەتیان دەگوت و شایەری شایی بوون و هیچ لە پیاوەکانی ئاوەڵیان نەدەمانەوە."[٤٥]

جگە لە مەنیج حەیران کە دەگوترێ پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی بە بۆکانەوە بووبێت، هونەرمەندانی دیکەی ناوچەی مەهابادیش دەبێ لە زۆر بۆنەی وەک شایی و داوەتدا هاتوچۆی بۆکانیان کردبێت، هەروەها لە ڕێگەی سەردارەکانی بۆکانەوە (سەیفەدین خان، حەمە حوسەین خان و عەلی خان) کە ماڵیان لە بۆکان بووە و وەک سەردار موکری، ناوەندی حکوومەتیشیان لە مەهاباد، دەبێ ئاڵقەیەکی پەیوەندیدەری مۆسیقای دوو شارەکە بە یەکەوە بووبێتن؛ بۆ نموونە ئەو میرزا قادری تارژەنەش کە پێشتر ناوبردە کرا، مەهابادی بووە و لە دیوەخانی سەردار عەلی خان لە بۆکاندا تاری ژەندووە.

هەروەها ژمارەیەک گۆرانی بێژی سەقز و دەوروبەری لە شیعرێکی 'ملک الکلامی مەجدی'دا ناویان هاتووە وەک قادرەکوێری جەوشەن و حەمەی ڕەحیمی فەرەج و ئەستێرە جوو.[٤٦] کە ئەوانیش دەبێ زۆر بۆ بۆکانی سەردەمی زیرەک، نامۆ نەبووبێتن.

بە هەمان شێوە گۆرانیبێژانی ناوچەی چواردوڵی (چارداوەڕوو) وساینقەڵا و تیکانتەپەی هەوشار، پەیوەندیان بە بۆکانەوە بووە و نموونەکەی لە ساڵانی دواتردا نەمر سەید محەمەدی سەفاخانە (سەفایی)ە، کە بەشێک لە تەمەنی لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری تێپەڕ بوو و لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد.

هەروەها هونەرمەندانی سەر چۆمی مەجیدخان و بەشی لای مياندواو لە باکووری بۆکان، کە واهەیە خودی حەسەن زیرەکیش بنەچەکی بگەڕێتەوە بۆ سارۆقامیشی ئەو شوێنە، دەبێ کارتێکەرییان لەسەر مۆسیقای بۆکان و شەخسی حەسەن زیرەک بووبێت.

زیرەک جگە لە بەهرەی هونەریی خۆی، ئەگەر لە سەرەتاکانی کاری هونەریی خۆیدا شتێک لە کەسێک فێر بووبێت، دەبێ لەو زاتانەوە بووبێ.

## پێشینیان/ مامۆستایانی زیرەک

واهەیە هیچ گۆرانیبێژێکی کورد ئەوەندەی زیرەک شاگرد و شوێن هەڵگر و کۆپیکاری نەبووبێت. بە دەیان کەس ئەو مێلۆدییانەیان دووپات کردۆتەوە کە نەسلی ئێمە یەکەم جار بە دەنگی حەسەن زیرەک بیستوویانن.

---

[٤٥] ئۆسکار مان، "تحفه مظفریه"، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، لەچاپدانەوەی کتێبفرۆشی سیدیان، مەهاباد، ساڵ؟، لاپەڕە ١٠ و ١١.

[٤٦] شیعرەکە لەم سەرچاوەیەوە ڕاگوێزراوە: محەمەد حەمە باقی، پێشتر، لاپەڕە ١٢٥.

بەڵام ئایا شتێک لەمەڕ مامۆستاکانی و ئەوانەی وا دارەدارەی هونەریان بەزیرەک کرد دەزانین؟ بەداخەوە وەڵام ئەرێ نییە، وەک بۆ زۆر گۆرانی بێژی دیکەی کوردیش وەهایە. بەڵام وەک لە سەرەوەتر ئاماژەی پێکرا، زیرەک لە ساڵانی سەرەتای ژیان و مێرمنداڵیدا لە بۆکان ژیاوە و دەبێ گۆرانی بێژانی ئەو ساڵانە کارتێکەرییان لەسەری بووبێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یەک دوو لاپەڕە پێش ئێستا ، لە بیرەوەریی عەلی یاسەمەنی، هاوڕێی منداڵی زیرەک و کتێبی ئیبراهیم ئەفخەمی و شیعری عومەری سوڵتانی (وەفا) دا ناوی چەند کەس وەک دەنگ بێژ و مۆسیقاری کورد و جوولەکە هاتوون کە نیشتەجێی ئەو ساڵانەی بۆکان بوون و تەمەنیان لە زیرەک زیاتر، یان لەدەوروبەری تەمەنی ئەودا بووە. دەوری جوولەکەکانیش لە ڕەوتی هونەری مۆسیقای ئەوساڵانەدا نابێ فەرامۆش بکرێت لەبەر ئەوەی گەلێک بوون بە فەرهەنگێکی جیاوازەوە کە شوێنیان لە فەرهەنگ و زمانی کورد هەڵگرتبوو و بە هەمان شێوە شوێنیشیان لەسەری دانابوو.

هەموو، یان بەشێک لەو کەسانە، دەکرێ بە یەکەم مامۆستاکانی زیرەک دابنرێن، بەڵام دەگوترێ دواتر خەڵکانی دیکەش شوێندانەرییان لەسەری بووە، بۆ نموونە، لە سەردەمی ساڵانی ڕادیۆ تاران و کرماشاندا هاتوچۆی گوندی زەنبیلی کردووە و لە یەکدوو کوڕی حاجی سەیدمحەمەدی نوورانی (سەیدی زەمبیل) یان خەڵکانی دیکەی ناوچەی گەورکایەتی کە دەنگ خۆش و قامزان بوون، شت فێر بووبێت. ئاشکرایە زۆرێک لەو گۆرانی بێژە خاوەن ئەزموونانەی سەر ڕادیۆ بەغدا وەک مامۆستا عەلی مەردانیش، کە جێگەی ڕێزی زۆری زیرەک بووە، هەروەها مۆسیقارەکانی ڕادیۆی کوردی تاران و کرماشان وەک مامۆستایانی گەورە موجتەبا میرزادە و عدالصمدی و حەسەن و حوسەین یوسف زمانی، گریشا، سمایل مەسقەتی و تۆفیقی تارزەن، دەبێ لە ڕەوتی پەرەسەندنی هونەری زیرەکدا دەوریان گێڕابێت. بە هەمان شێوە دەبێ شارەوشار گەڕان و لە کوڕ و کۆمەڵ و شایی و بۆنەی دیکەدا ئامادە بوون و پێکەوە گۆرانی گوتن لەگەڵ گۆرانی بێژانی شارەکانی دیکەی کوردستانیش لەو پرۆسەیەدا بگیرێنە بەرچاو و ناوی کەسایەتییەکانیش دەست نیشان بکرێن، کە بەداخەوە بۆ من لەم دووره وڵاتییە، گونجاو نییە.

### ئەو گۆرانییانەی وا خۆی دانەریان بوو

دیاریکردنی ناوی ئەو گۆرانییانەی کە هی زیرەک خۆی بوون و لە فۆلکلۆری گشتیی کوردی وەرینەگرتبێتن، تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمە. گۆرانی وەک خاڵەی ڕێبوار و هەی نار و بارانە و .... پێش ئەویش هەبوون، تەنانەت گۆرانییەکی وەک 'دەچمە سەر ناڵەشکێنە' کە ڕاستەوخۆ لەپەیوەندی بۆکاندا گوتراوە، بە دەنگی نەمر 'مەلاکەریم' بیستراوە و دیارە هی نەوەیەکی پێش زیرەک بووە؛ گۆرانی 'سەوزەهەی سەوزە' بە 'سەوزەی هەمزەبەگ' ناسراوە و هی ناوچەی



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

فەیزوڵلابەگیی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سەقزە؛ گۆرانی "جوانی لای بانە" لە ڕاستیدا ناوی "حاکمەکەی بانە" بووە و بۆ کچی حەمەخانی حاکمی بانە گوتراوە کە لە سەروحەدی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە بووکی هێناویانە بۆ سەردار عەلیخانی بۆکان.[٤٧] و بەو شێوەیە، ناوچەیەکی خۆڵەمێشی لە نێوان داهێنراوەکانی زیرەک و فۆلکلۆری پێش خۆیدا هەیە کە دەست نیشانکردنی ڕاستەقینە لە نێوان ئەو دووەدا ئەستەم و تاڕادەیەک نەگونجاو دەکات.

واهەیە بتوانین بڵێین بەرهەمە تازەکانی زیرەک مۆرکی ئەویان زیاتر پێوەدیارە. بۆ نموونە، سروود یان پێداهەڵگوتنەکانی لە ئێران و عیراق، هی خۆین. لەوانەدا زیرەک لەحن و ئاوازە کۆنەکانی هێناوە و شیعرێکی موناسەبی ئەو ڕووداوانەی لەسەر داناون و ئەوەش بە تەواوەتی لە مرخی شاعیریی ئەو، وەشاوەتەوە. دیارە لەو پەیوەندییەدا ناتوانرێ چاوپۆشی لە دەوری دەسەڵاتداریەتی ئێران، ساواک و بەشێک لە بەرپرسانی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، تاران و کرماشان بکرێت کە ئەرکەکەیان خستۆتە سەر شانی ئەو و کورد گوتەنی دەستی چەوری خۆیان بە سەری ئەو سڕیوە.

'دەلێدەن، لێدەن، لێدەن، لە تەپڵی شادمانی/ ئەوە ئیزدیواجی کرد مەلیک فەیسەڵی سانی'، گۆرانییەکە زیرەک لە سەردەمی ڕادیۆ بەغدای کوردیدا، بۆ زەواجی مەلیک فەیسەڵی دووەم، شای عیراق ڕێکیخستبوو.هەمان ئەو هەوایەی دواتر و لە گەڕانەوەی ئێراندا بۆ لەدایکبوونی ڕەزا، کوڕی شای ئێران گوتەوە: 'ئەوە هاتە دنیایە کوڕ شازادەی ئێرانی.'

سروودی نەورۆزی ئەگەر لە سەر ڕادیۆ تاران و کرماشان گوتبێت، دوای گۆڕانکارییەکی نابەجێ بووە لە شیعرەکەی پیرەمێردی نەمردا، بۆ ئەوەی بەرگی شای ئێران بکاتە بەری. بەڵام دەقێکی دیکەی سروودەکە لای خەڵک هەیە کە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا نەکراوە.

لە سروودی 'ئەی نەتەوەی کاوەی دلێر' و '٢١ی ئازەر'یشدا، باس لە 'پشتیوانیی شاهەنشای ئێران و ڕێبەرایەتیی ئەو' بۆ کورد دەکات، کە ئێستا دەزانرێ وا نەبووە هیچ، بەڵکوو پێچەوانەکەی لایکەم لە ساڵی ١٩٧٥ دا دەرکەوت. بەڵام یارمەتییەکانی ئێران بە شۆڕشی ئەیلوول لە ڕادەیەکی وادا بوو کە نەک هەر زیرەکی هەژاری خەڵەتاند، بەڵکوو ڕێبەرانی سیاسیی کوردیشی تووشی هەڵەیەکی گەورە کرد و تەنانەت ئەسەدوڵڵا عەلەم، وەزیری دەرباری شا، لە بیرەوەرییەکانیدا کاتێ باس لە چەندجار چاوپێکەوتنی بارزانی و شا دەکات لە تاران، دەڵێ واهەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێران دراوسێیەکی دیکەشی بۆ پەیدا بێت، کە حکوومەتی کوردستانە.[٤٨] ئەو گەشبینییە، لە ناو بەشێکی گەلی کوردیشدا هەبوو و دوورنییە ئەوەی وا زیرەکیش بۆ ٢٨ ی مورداد و ٢١ ی ئازەری

---

[٤٧] دایکم ئەو ڕۆژەی لەبیر بوو کە کچی حەمەخانی بانەیان بەبووکی هێنابووە بۆکان و شایەرەکان لە باغی سەردار، لە باشووری حەوزەگەورە بەرەوپیری چووبوون و بەو گۆرانییە واریدی ناو شاریان کردبوو. ڕەنگە بێ موناسەبە نەبێت کە بڵێم حەمەخانی باوکی بووک و سەیفەدین خانی باوکی زاوا ش لە ساڵی ١٩١۴ دا بە تاوانی ڕاست یان درۆی لایەنگری کردن لە سوپای ڕووس، لەلایەن سوپای عوسمانییەوە لە بانە و مەراغە ئیعدام کران!

[٤٨] ئەوەم لە بەرگێکی کتێبی بیرەوەرییەکانی عەلەم، چاپی دەرەوەی ئێراندا چاو پێکەوت.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئێرانیەکانی گوتوون، هەر بابەتێک بن لەو چەشنە. لەولاتریشەوە، کەسانێک کە لەو ساڵانەدا ژیاون، دەزانن چ گوشارێک دەخرایە سەر خەڵک لە دووکاندارەوە تا فەرمانبەر و شاعیر و گۆرانیبێژ و هیتر بەتایبەت لە کوردستان بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیان بەرانبەر ئەو ڕۆژە ڕەسمییانەی ئێراندا هەبێت. زیرەکیش لە ماوەی گوتنی ئەو چەشنە سروود و گۆرانییانەدا فەرمانبەری ڕادیۆ تاران یان کرماشان بوو و دیارە زیاتر لە خەڵکی ئاسایی گوشاری ڕژیم و دەسنێژەکانی ئەوی خراوەتە سەر.[٤٩]
هەرچۆنێک بێت، لام وایە بکرێت گۆرانیی 'یاڵڵا شۆفیرِ' و 'لۆرکێ'، کە تازەترن،[٥٠] بە هی زیرەک خۆی بزانرێن.

## ئەو گۆرانییانەی وا لە گۆرانیبێژانی دیکەی کوردی وەرگرتن

شوێنهەڵگرتن و شوێندانان دوو بەشی جیانەکراوەی هونەرن لە هەموو چەشن و شێوەکانیاندا. هونەرمەند لە جیهان و لە کۆمەڵ دانەبڕاوە و کارتێکەریی هەردوکیانی لەسەرە و زۆر هەڵە نییە ئەگەر بگوترێت پەروەردەی دەستی هەر ئەوانەشە. هونەرمەندیش وەک خەڵکیتر هەست و شعووری هەیە و بارودۆخ دەناسێت و سوود و زیانی خۆی لێک دەکاتەوە و لێکیشی دەداتەوە. کاتێ کە محەمەدی ماملێ لە مەهاباد لە لووتکەی خۆشەویستیی خەڵکدا بوو، زیرەک لە ڕادیۆ هاتبووە دەرێ و بەشوێن بژیوی ڕۆژانەیدا شنۆ و بۆکان و سەقز و بانەی خستبووە ژێر پێ و لەهیچ شوێنێک دانەمەزرابوو. هەر لەو بڕگەیەدا گۆرانی 'مریەم سابڵاغی' نەمر محەمەدی ماملێ نوقڵی سەر زاران بوو. لەبارودۆخێکی ئەوتۆدا ئاسایی دەنوێنێت ئەگەر زیرەک بە گۆڕانکاریی و تایبەخۆکردنی گۆرانییەکە، کردبێتیە 'مریەم بۆکانی' و گوتبێتیەوە؟ ماملێش گۆرانی 'بارانە'ی دوای زیرەک گۆتووە و ئەوان هەردوکیان دەیان گۆرانی هونەرمەندانی پێش خۆیانیان دووپات کردۆتەوە[٥١]. ئەو 'تأثیر و تأثر' ە بۆ دوو هونەرمەند، دوو مرۆڤ، لەوپەڕی ئاسایی بوونی خۆیاندان و ئەگەر هەردوو ئەو گۆرانییانە فۆلکلۆری و میراتی باو وباپیرانمان بێت، مافی گوتنەوەیان بۆ هەردوو هونەرمەند یەکسانە،

[٤٩] من بە باشی لەبیرمە بەیانی زووی هەموو ڕۆژێکی وەک ٢٨ ی مورداد، ٢١ی ئازەر، ۴ ی ئابان و ٩ ی ئابان پاسەبانێکی شەهرەبانی سەردەمی پەهلەوی بە بەردەم دووکانەکانی بۆکاندا دەگەڕا و هەرکەس ئاڵای ئێرانی هەڵنەکردبایە داوای لێدەکرد ئاڵاکە هەڵکات.زوربەی کاتیش ئیدارەی فەرهەنگ (دواتر 'ئاموزش و پەروەرش') جەژنێکی لە هۆڵی قوتابخانەیەک وەڕێدەخست کە تێیدا قوتابییان سروودی ئەی ئێران و شاهەنشەهـ ما زندەبادایان دەخوێند و چەند شاعیری ناوشار، وەک کاکم، مامۆستا حەقیقی و مامۆستا برایمی ئەفخەمیش پێشتر پێیان دەگوترا شیعرێکی خۆیان یان هی کەسانی دیکە ئامادە بکەن و بیخوێننەوە. پێداهەڵگوتنەکانی زیرەکیش دەبێ لە پەیوەندییەکی وادا سەیر بکرێن، بەتایبەت کە ئەو فەرمانبەری ڕادیۆ بوو و ڕادیۆش بەشێک بوو لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەودەم، هەندێک لە بەرپرسەکانیشی تا بینەقاقا شادۆست و ئێرانپەرست بوون، ئەگەر ڕاستەوخۆ کاریان بۆ ساواک نەکردبێت، کە بەداخەوە کردوویانە و ئێستا بۆ ئەو گۆرانی و سروودانەی حەسەن زیرەک تەنیا ناوی ئەو دیارە و هی ئامر و فەرماندەرەکان شاراوەتەوە، کەسیش متەقی لێوە نایەت بڵێ من بووم گوشارم دەخستە سەر زیرەک ئەو شتانە بڵێت!

[٥٠] بە حیسابی بیرەوەرییەکی کاک برایمی فەڕشی لە برای خۆی، زیرەک دەبێ گۆرانییەکەی لە دەوروبەری ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) دا گوتبێت.

[٥١] زیرەک و ماملێ چەندجاران لە شایی و میوانیدا پێکەوە ئامادە بوون و گۆرانییان گوتووە.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

با یەکیان زووتر و ئەوی دیکە درەنگتر چووبێتە سۆراغی، یاخود لە پەردەیەکی جیاوازی مۆسیقاییدا گوتبێتی. تەنانەت بە هەمان شێوە کە گۆرانیی زیرەک لە باکوور و باشووری کوردستان، هەر لە ئامێدەوە تا کەرکووک و سلێمانی، وەرگیراون و گوتراونەتەوە، زیرەکیش چەند گۆرانیی باکوور و باشووری کوردستانی وەرگرتووە و گوتوویەنەتەوە.[٥٢]

## ئەو مۆسیقایەی وا لە گەلانی دیکەی وەرگرتن

بە پێچەوانەی کەسانێک کە بە ناوی ڕەسەنایەتیی هونەری میللییەوە لە هونەرمەندان دەخوازن قەفەزی پۆلایینی خۆی و شار و ناوچەکەی بەجێ نەهێڵێت و بە هیچ ئاسمانێکی دیکەدا نەفڕێت، هونەری مۆسیقاش وەک شێوەکاری، هونەرێکی جیهانییە و وەک چۆن دەتوانێ کارتێکەریی لەسەر گەل و گرووپ و تاقمی جیاوازی مرۆڤ هەبێت، بە هەمان شیوە لەوان و هونەرەکەشیان شوێن هەڵدەگرێت و ئەو شوێنهەڵگرتنەش لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.  زیرەک پێش ئەوەی هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ بێت، مرۆڤێکی ئاسایی بوو لە بنەماڵەیەکی هەژار و گەلێکی بندەست. لە بۆکان بوو بە 'عەمەلە' و لە سەقز بوو بە 'چاوساغی مەلای کوێر'،  لە مەراغە و تەورێزی ئازەربایجانیش بوو بە تووتنچی و قاوەچی و قاچاخچی و لە تاران و قوم بوو بە شاگرد شۆفیر، لە ئابادانی فارس و مەسجید سولەیمانی لوڕ و بەسرای عارەبانیش کرێکاریی کارخانە و شیرکەتی نەوتی کرد.[٥٣]

ئایا هۆکارێکی مەنتیقی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤێک بەو ئەزموونانەی ژیانەوە کاتێ دەنگی گۆرانی هەڵدەبڕێت، هیچ نیشانەیەکی ئەو جیهاندیدەییە بە سەر هونەرەکەیەوە نەبێت و لە باغی کولتوور و هونەری ئەو گەلانە هیچ گوڵێکی نەچنیبێت؟ ئایا کاتێ درەنگتر لە سەر ڕادیۆ کوردییەکان لە گەنجینەی هونەری ئەو میللەتانەش گەوهەرێکی دەرناهێنێت و نایکاتە نقێمی ئەنگوستیلەی هونەرەکەی، بێ ئەوەی "میزاجی کوردەواری"یەکەی تێک بچێت و ڕێچکەی ڕەسەنایەتی گۆرانییەکانی لێ بشێوێت؟ ئەوەی زیرەک لە 'ئوم کلثوم'ی عەرەب (گۆرانی 'بۆت دەڵێم تۆزە تۆزە' کە 'شوەییە شوەییە'ی ئوم کلثومە)، 'ڕەشید بیهبودۆف' و 'فاتیمەی زەرگەری'ی ئازەربایجانی

---

[٥٢] ئەو گۆرانییەی وا ئەمساڵ بە ناوی "گۆرانی هەورامی حەسەن زیرەک"ەوە  لە سەر مێدیای مەجازی بڵاو کرایەوە، لە ڕاستیدا جگە لە یەک دوو فەرد شیعر، هیچ نیشانەیەکی هەورامی بوونی بەسەرەوە نییە. ئەوەش بۆ زیرەک کە پێشتر بینیومانە شیعری کلاسیکی کوردی وەک 'ڕازی تەنیایی' مامۆستا هەردی و 'شەو' ی سەیدکامیل ئیمامی، یان تەنانەت 'من ملک بودم و فردەوس برین جایم بود'ی حافزی شیرازی لەبەر کردووە و گوتۆیەتەوە، جێگەی سەرسووڕمان نییە. بەڵام ئەوەی بگوترێ زیرەک گۆرانی هەورامی گوتووە، هەڵەیەکی تەواوە. ئەو گۆرانییە هی ناوچەی کوردیی ناوەڕاستە و تەنیا یەکدوو فەرد یان میسراعی شیعرەکەی هەورامییە.

[٥٣] ئەو زانیارییانەم بە بێ زیاد وکەم لە ئۆتۆ بیۆگرافییەکەی خۆی (چریکەی  کوردستان) وەرگرتووە.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

(گۆرانی 'لاچین'[54] و 'گویلدور منی گویلدور'[55]) و گۆرانی بێژانی فارس (دەستگا واتە'مەقام'ەکانیان)ی وەرگرت، بەرگی کوردیی لەبەرکردن و بێ ئەوەی زیانێک بە بەژنی هونەرە میللییەکەمان بگەیەنێت گوتنیەوە، هەرگیزیش نەبوو بە ئیبراهیم تاتلی سەس[56]. زیرەک سەبارەت بە کوردی بوون و بەکوردی مانەوەی گۆرانییەکان گەلێک دەمارگیر بوو و دژ بەو دزییانە دەوەستا کە بێگانان گۆرانیيە کوردییەکان دەکەنە تورکی و فارسی. یادی بەخێر بێت ئەگەر تا ئێستا بمایە چی دەکرد کە هەندێک کەس شانازی بەوەوە دەکەن گۆرانی فارسی بڵێنەوە یان گۆرانییە کوردییەکان بکەنە فارسی یا خود هیچ نەبێ تەرجەمەی فارسیی شیعری گۆرانییە کوردییەکان لە داوێنی کلیپەکەدا بنووسن، وەک ئەوەی فارسی کۆڵەکەی ڕاگرتنی مۆسیقای کوردی بێت و بە بێ فارسی هەرەس بهێنێت!

### ئەو مۆسیقایەی وا بە گەلانی دیکەی بەخشی

بەهۆی دەوڵەمەند بوونی گەنجینەی مێلۆدییەکانی مۆسیقای کوردییەوە، گەلێک گۆرانیبێژی گەلانی دراوسێ کەڵکیان لێ وەرگرتووە، با ناوی کوردیشیان نەبردبێت.

کاک ئەسعەد سیراجەدینی کە هاوکات لەگەڵ حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کوردیی تاران کاری کردووە، دەیگێڕاوە و دەیگوت جارێکیان کەسێک بە پەلە هاتە بەشی کوردی ل؛ە تاران و گوتی فریا کەون حەسەن زیرەک هێرشی کردۆتە سەر 'بانو دلکەش'ی دەنگبێژی ئێرانی و ئەویش لە ترسان چۆتە ژوورێکەوە ناوێری بێتە دەرەوە. چووین گوتمان کاک حەسەن چی بووە؟ بە تووڕەییەوە گوتی دلکەش گۆرانیی 'ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا'ی منی دزیوە و کردوویەتە 'ئەی ڕووبابە جان، جان ڕووبابە'[57] و ئێستا خەریکە تۆماری دەکات؛ من ئەو گۆرانییەم دەساڵ پێش ئێستا لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و لەم دواییەشدا لێرە تۆمارم کردووە، ئەو بە چ حەقێکەوە لێمی دەدزێت؟ دیارە ئێمە هێورمان کردەوە و هێنامانەوە بەشی کوردی، کێشەکەش درایە "شۆرای مۆسیقا"ی ڕادیۆ تاران بۆ لێکۆڵینەوە.

---

[54] ئەو گۆرانییە لە زمانی ئازەربایجانیدا ناوی "لاچین" ە و لە ڕاستیدا بۆ شاروچکەی "لاچین" لە قەرەباغی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان گوتراوە کە ئێستا بەشێکە لە کۆحماری ئازەربایجان بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ و ٢٩دا پایتەختی کۆماری خودموختاری کوردستان بوو و ستالین تێکیدا و خستیە سەر کۆماری ئازەربایجان، درەنگتر ئەرمەنییەکان دەستیان بەسەردا گرت و لەم شەڕەی دوایی (ساڵی ٢٠٢٠) نێوان ئەو دوو حکوومەتەدا، کەوتەوە دەست ئازەربایجانییەکان. زیرەک ئەو لاچینەی کردۆتە "لاچن" و دەڵێ: ئای لاچن، گیان لاچن .....

[55] حەسەن زیرەک کردوویە بە 'پێبکەنە با ببینم'

[56] وەرگرتنی مێلۆدییە کوردییەکان لە لایەن هونەرمەندانی تورکیاوە، مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە گەرچی بەداخەوە هەرگیز دانیان بەو ڕاستییەدا نەناوە. دیارە کوردیش سوودی لە مێلۆدییە تورکییەکانی سەردەمی عوسمانی و دوای ئەو وەرگرتووە و تەنانەت کردوونییەتە سروودی نەتەوایەتیی خۆی، بێ ئەوەی بڵێ تورکین!.

[57] دلکەش یەک لە ناسراوترین گۆرانیبێژانی فارس لە دەیەی ٥٠ و ٦٠ی زایێنیدا بوو و بە ئەسڵ خەڵکی مازندەران بوو، گۆرانییەکەشی بە زمانی تەبەری (مازی) و فارسی گوتووە. دیارە من ناتوانم بڕیار لەسەر مێژوو و بنەچەکی ئەو مێلۆدییە بدەم، بەڵام دەزانم دیاردەی هاوبەش لە زمان و نەریت و فەرهەنگی کوردی و مازیدا زۆرن.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

نموونەیەکی دیکە لەو کارتێکەرییەی مۆسیقای زیرەک وا هەیە لە گۆرانیی 'هەروایە، هەروایە'دا بدۆزرێتەوە:

هەوای ناسراوی "هەروایە، هەروایە"، ئەوەندەی من ئاگادار بم، یەکەم جار بە دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەک تۆمار کراوە و ئاگاداری ئەوە نیم چ گۆرانی بێژێکی دیکەی کورد پێش زیرەک ئەو هەوایەی گوتبێت. شیعری گۆرانییەکە فۆلکلۆریکە و واهەیە بەشی زۆری هەر زیرەک خۆی دایبنابێت. لە شێوازی داهێنەرانەی حەسەن زیرەکدا، کەمتر شیعری گۆرانی هەبووە عەینوبیللا دووپات بکرێتەوە و لە دووپات کردنەوەی هەربەشێکدا هەندێک گۆڕناکاریی فی البداهەی تێدا وەدی نەهێنابێتن و ئەو گۆڕانکارییانە لێرەشدا بەباشی دەردەکەون.

*هەروایە، هەروایە، پەنجەرەی ڕووی لە بایە*
*یارم دەچێتە سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە*
*یارم چۆتە سەفەرێ، بیپارێزی خودایە*

*یا سوڵتان هاوار ماڵ بە بەرزەوە،*
*بەدکارمان بمرێ بەدەم لەرزەوە!*
*ئەو ماڵەی هەمە نەزری ئەڵلا بێ*
*بە شەرت کۆچەکەت بەرەودوا بێ*

*دەمەکەت هەنگوین لە کووزووی شیندا*
*ناردمە خوازبێنی، لێم چوون بە قیندا*
*هەرکەسێ نەیبێ دوو دۆست و یارێ،*
*سەر بگرێ لە قوڕ، سوبح و ئێوارێ!*

*هەروایە، هەروایە، پەنجەرەی ڕووی لە بایە*
*یارم دەچێتە سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە*
*یارم چۆتە سەفەرێ، بیپارێزی خودایە*

**ئەوە گۆرانییەکەی زیرەکە لەسەر یوتیووب:**
https://www.youtube.com/watch?v=zCPbgIBHoWo

ساڵانێکی زۆر دوای زیرەک، وەک بەشێک لە بەرنامەی "گلهای رنگارنگ"ی ژمارە ٣٠٥ کە هونەرمەندی ئێرانیی بواری مۆسیقا، 'جواد معروفی' ڕێکی خستبوو و شاعیری ناسراوی "ترانەسورا" ی فارسی ویژ، 'ڕەحیم موعینی کرماشانی'، شیعری بۆ دانابوو؛ دەنگ بێژی ئێرانی 'عبدالوهاب



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

شهیدی'ش لە سەر ڕادیۆی فارسیی تاران بە فارسی گوتیەوە، بێ ئەوەی لە بەرنامەکەدا ئاماژەیەک بە ئەسڵ و بنەمای کوردیی مۆسیقاکە و ناوی گۆرانی بێژەکەبکرێت. تەنیا لەم دواییانەدا گۆرانییەکە لەسەر ئینترنێت بڵاوکراوەتەوە و لە ڕاگەیاندنی بابەتەکەدا، ئەو ڕاستییە بە نووسین پشتڕاست کراوەتەوە و گوتراوە مێلۆدییەکەی کوردییە، بەڵام ناوی حەسەن زیرەک لەوێشدا نەهاتووە.
سەرنج ڕاکێش ئەوەیە شیعرە فارسییەکەی موعینی، لەژێر کارتێکەریی مۆسیقا کوردییەکەدا، لە سێ بەشی ٣ میسراعی پێکهاتبوو. شیعری سێ میسراعیی ناو بەیت و گۆرانییە کوردییەکان ڕوخسارێکی گەلێک بەرچاوی مۆسیقا و شیعری نەتەوایەتیی گەلی کوردە و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی گەلێک زووی پێش زەردەشت، کە 'گاتاکان' نموونەیەکیەتی. دیارە موعینی کە خەڵکی کرماشان بوو، دەبێ شارەزای ئەو تایبەتمەندییەی گۆرانییە کوردییەکانیش بووبێت. بەڵام لە شیعری فارسیی کلاسیکدا وێنەی ئەو شیعرە ٣ میسراعییانە نەبینراوە یا ئەگەر تاک و تەرایەکیش بووبێت، وەک شیعری 'فەهلەوی' و 'محلی' سەیر کراوە و بایەخی پێنەدراوە. زیرەک لێرەدا بەهۆی گۆڕانکاریی لە میسراعەکان یان دووپات کردنەوەیانەوە ئەو ئەسڵەی پاراستووە.

**ئەوە شیعرەکەی موعینی کرماشانییە:**

ز جهان دل بر کندم تا شوری پیدا کردم
تو پریشان مو کردی چون مجنون صحراگردم
ز تۆ نوشین لب باشد هم درمان و هم دردم

دلم از خون چون مینا، لبریز و من خاموشم
شب هجران جای می، خوناب دل می نوشم
ز خیالت برخیزد بوی گل از آغوشم

تو سیه چشم از چشمم تا دوری، من بیمارم
تو سیه گیسو هر شب در خواب و من بیدارم
تو لب میگون داری، من اشک گلگون دارم

ز تو دل گر برگیرم، از غم دیگر می میرم
به خدا دور از رویت از جان شیرین سیرم

ئەوەش دوو دەقی گۆرانییە فارسییەکە بە دەنگی عەبدولوەهاب شەهیدی:

https://www.youtube.com/watch?v=ycbEHBupa7U
https://hemmaty.com/%E2%80%8F%D8%AA%D8%B5%D9%86%DB%8C%D9%81-%D8%A7%D9%81%D8%B4%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D8%AF-%D٨٪B٩٪D٨٪A٨٪D٨٪AF%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨-%D٨٪B٤٪D٩٪٨٧٪DB%٨C%D٨٪AF%DB%٨C /

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سی چل ساڵێک دوای شەهیدی (واهەیە لە ٢٠١٧دا)، گۆرانی بێژی کوردی ئێران، شەهرام نازری، هەمان گۆرانیی بە فارسی و کوردی گۆتۆتەوە. کاری نازری تێکەڵاوێکە لە فارسییەکەی شەهیدی بە هەمان شیعری موعینی کرماشانییەوە هاوڕێ لەگەڵ شیعرێکی فۆلکلۆریی ناوچەی کرماشان. ئەوەی خوارەوە، تێکەڵاوی فارسی و کوردیی شیعرەکەی ئیجرای نازرییە و وەک دەبینرێت ئەو خەسلەتی سێ میسراعییەی موعینی کرماشانیی تێدا ڕەچاو نەکراوە و تەنیا دوو میسراعیان گوتراونەتەوە، کە واهەیە بۆ ئەوە بووبێت بتوانێ شیعرە کوردییەکەشی تێدا بگونجێنێت بێ ئەوەی ماوەی خوێندنەوەی شیعرەکان زۆر درێژ ببێتەوە:

ز جهان دل برکندم تا شوری پیدا کردم
تو سیه گیسو کردی، چون مجنون صحرا گردم

هەروایە هەروایە، یارم وەلیم تووریایە
ئەرێ خودا چە بکەم، دلبەر دل وە کی دایە

ز تو گر دل برگیرم، دیگر از غم می میرم
به خدا دور از رویت، از جان شیرین سیرم

هەروایە هەروایە، یارم وەلیم تووریایە
ئەرێ خودا چە بکەم دلبەر دل وە کی دایە

شب هجران جای می، خوناب دل می نوشم
ز خیالت برخیزد، بوی گل از آغوشم

هەروایە هەروایە، یارم وەلیم تووریایە
ئەرێ خودا چە بکەم دلبەر دل وە کی دایە

ز جهان دل برکندم، تا شوری پیدا کردم
تو سیه گیسو کردی، چون مجنون صحرا گردم

ئەوەش گۆرانییەکە بە دەنگی شەهرام نازری:

https://sarimusic.net/45387/%D8%B4%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%85-%D9%86%D8%A7%D8%B8%D8%B1%DB%8C-/%D9%87%D8%B1%D9%88%D8%A7%DB%8C%D9%87

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



# کێشەی "ناو"ی گۆرانییەکانی زیرەک

جیا لە تایبەتمەندیی مۆسیقایی، هەموو گۆرانییەکی ئاسایی کوردی لەباری شیعر و کەلامەوە لە دوو بەش پێک دێت: بەند و سەربەند.

بەند ئەو بەشەیە وا گۆرانی بێژ بە خواستی خۆی شیعری بۆ دادەنێت یا لە شیعری شاعیرێک یاخود لە فۆلکلۆری وەردەگرێت. سەربەندیش ئەو بەشەیە وا لە کۆتایی هەربەندێکدا دووپات دەبێتەوە.

ناوی گۆرانی بە عادەت لە سەربەندەکان وەوردەگیرێت و لەسەر ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و شریت و قەوانی فەرمیی کۆمپانیاکانیشدا کە هونەرمەندەکە خۆی دەسەڵاتێکی بەسەریدا هەیە، ناوی گۆرانییەکان تووشی کێشەیەک نابێت. بەڵام لە ٦٠-٧٠ ساڵی ڕابردوودا کە هەموو تاکێک توانای پەیدا کرد شریتی گۆرانی کۆپی بکات یان دەنگی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن تۆمار بکات، و لەم دواییانەشدا لە سەر ئینترنێت بەتایبەت یوتیووبی دابنێت، گەڕەلاوژە و پاشاگەردانییەک سەریهەڵدا و هەرکەس بە خواستی خۆی و بەگوێرەی زەوق و ڕادەی تێگەیشتنی خۆی، ناوێکی لەسەر گۆرانییە کوردییەکان داناوە و ئەوە بە تایبەت کاتێ گەیشتۆتە لووتکە، لە هەر ئەو تاکەکەسە دەسەڵاتی پەیدا کردووە لە سەر سایتە ئینترنێتییەکان (یووتیووب و ئای کلاود)، یان لاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک و ئینستاگرام و تێلگرامدا بە ناوێکەوە بڵاوی بکاتەوە کە خۆی ویستوویەتی و لێی تێگەیشتووە. ئەنجامی کارەکە بووە بەوەی یەک گۆرانیی کوردی، دوو یان سێ ناوی جیاجیا پەیدا بکات! حەسەن زیرەک کە سایتی فەرمیی خۆی نییە و لەلایەن کەسانێکی شارەزاوە سەرپەرشتیی بڵاوکردنەوەیان ناکرێت، لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی خوازیار و گوێگریان زۆرە، لەو بەستێنەوە تووشی زیانی زیاتر هاتوون. هەروەها توانای بەرزی زیرەک لە "شایەری"دا، واتە ڕێکخستنی دەست بەجێ و "فی البداهە"ی شیعری گۆرانییەکان و هێنانی بابەتی تازە و خۆ دوورخستنەوە لە دووپاتکردنەوە، کارێکی وای کردووە کە شیعرەکان هەردەم لەگۆڕانکاریدا بن. وەک ئەنجامێکی کارەکە،

- گۆرانی 'وەرگەڕێ ئاوێزانت بم' ناوی 'لە سیلەی قەبران' و 'لە سیلەی قەبران هاوارە'ی بەسەردابڕاوە لەکاتێکدا عیبارەتی 'وەرگەڕێ ئاوایزانت بم' لە سەربەندەکانیدا دووپات دەبنەوە و دیارە ناویشی هەر ئەوەیە.
- هەوای 'کرماشان شاری شیرینم'، لە ڕاستیدا گۆرانیی 'خۆشم دەوێ کچەجیران'ە.
- گۆرانیی 'خاڵەی ڕێبوار' ناسیاوی هەموولایەکە بەڵام لە سەر یوتیووب بە ناوی 'کاکی جووتیار' یش بڵاو کراوەتەوە.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- گۆرانی 'حەوسەت'[٥٨] بە ناوی 'هەی بەعینوانی'یەوە بڵاوکراوەتەوە.

بۆ چارەسەری کێشە و ساغکردنەوەی ئەو ناوانە، پێویستە بزانرێت لە بنەڕەتدا چ ناوێکیان لەسەر بووە کە دواتر بەو هەرەوەزە سەیر و سەمەرەیە تووشی گۆڕان هاتووە؛ یاخود دەبێ پێوانە هەبێت، بۆنموونە، بزانرێت ئایا سەربەند پێوانەی ناودانان بێت یان نا. ئەگەر کارەکە وەک ئەوەی هەیە بڕوا بەڕێوە، لەدرێژەی کار و بە تێپەڕبوونی زیاتری ساڵ و سەدە، ژمارەی ئەو ناوە نابەجێیانە لەوەی ئێستا هەیە زیاتریش دەبێت و ڕەنگە سەد یان دووسەد ساڵی دیکە کەس نەتوانێ لەڕێگەی ناوەوە گۆرانییەک بەرێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی. تۆبڵێی لە دوارۆژدا وەک بۆ کتێب و وتاری ناو گۆڤارەکان ژمارە و کۆدی (ISBN) هەیە، بۆ بەرهەمی مۆسقاییش کۆد دانەنرێت کە هەر دەنگێک بەو کۆدە بناسرێتەوە؟



[٥٨] بە پێچەوانەی ئەوەی دەگوترێ حەوسەت بە واتای ژمارەی ٧٠٠ بێت و شتی لەو چەشنە، ئەم وشەیە بەکوردیکراوی وشەی 'حفصە' ی عەرەبییە کە ناوە بۆ کچانی عەرەب.



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# ناوچەی جوغرافیایی گۆرانییەکان

بۆکان هەندێک تایبەتمەندیی هەیە کە بەشێکیان واهەیە لە شارەکانی دیکەی کوردستانیشدا هەبن. خەڵکەکەی کوردن بەڵام ناوچەکە لەباری ئیدارییەوە سەر بە ئازەربایجانە؛

- بەشی ڕۆژهەڵاتی شار ناوچەی فەیزوڵلابەگییەکانە؛
- ئەولاتر، بەشی چواردۆڵییە و زاراوەی ئەو دوو بەشە زیاتر لەگەڵ شاری سەقزدا هاوبەشە، کە ئەویش کەوتۆتە بەری باشووری شارەکە؛
- ناوچەی گەورکایەتی و پاشان سەردەشت کەوتوونەتە باشووری ڕۆژئاوا. لەوێدا زاراوەی موکریانی وردە وردە غاڵب دەبێت و دەبێتە زاراوەی سەرەکی خەڵکەکە.
- بەرەو ڕۆژئاوای شار، ڕووی شارەکە لە مەهاباد و سەرجەم موکریانە و زاراوەی خەڵکەکەی و بەشێک داب و نەریت و فەرهەنگیان، لە موکریان نزیکە.
- لای باکووری شار، باوەکوو تا ناوچەی سەرچۆمی مەجیدخان و نزیکەی ناوجەرگی شاری میاندواو، خەڵکی کوردی تێدا نیشتەجێن بەڵام تێکەڵاوییەکی کەم و زۆری کورد لەگەڵ ئازەربایجانییەکان هەیە.

ئەو تایبەتمەندییە جوغرافیاییانەی بۆکانم بۆیە دەست نیشان کرد کە بڵێم هاوڕێ لەگەڵ خەسلەت و بیروباوەڕی چینی کرێکار، کە زیرەک بێگومان سەر بەوانە، هەروەها ئەو تێکچڕژاوییە فەرهەنگی-زاراوەیی- کەلتووریی- و زمانییەیە، کە بەسەریەکەوە کەسایەتی زیرەکیان دروست کردووە. بەشێک لە گۆرانییەکانی زیرەک هی ناوچەی فەیزوڵلابەگی، بەشێکیتر هی سەر چۆمی مەجیدخان و بەشێکیان هی ناو شاری بۆکانن. بەڵام کەم نین ئەو گۆرانییانەی ناوچەی مەهاباد و سەقزیش کە زیرەک گوتوونیەتەوە و بە هەمان شێوە، سنە و سلێمانی و هەولێر وکەرکووکیش- ئیتر ئازەربایجانی و فارسی و عەرەبی لەجێی خۆیان بوەستن.

نەخشەی خوارەوە دۆخی بۆکان و شار و ناوچەکانی دەوروبەری دەردەخات:






www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای زیرەک لە زمان مامۆستایانی مۆسیقاوە

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بۆ نووسینی ئەم بەشە، کەڵکم لە زانیاریی مامۆستایانی مۆسیقا، حەسەن دەرزی، عادل محەمەد کەریم، کاوە فەقیە زادە، سەلاح ڕەئووف و غەمگین فەرەج وەرگرتووە. ئەو بەڕێزانە بە میهرەبانییەوە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ وەڵامی هەندێک پرسیاری ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکانیان سەبارەت بە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی مۆسیقا و دەنگی زیرەک داوەتەوە. سەرچاوەی من بۆ ڕاگواستنی بۆچوونی مامۆستایانە، وەڵامی ئەو بەڕێزانەیە بەو پرسیارە تایبەتانەی کە بریتی بوون لە چۆنیەتی دەنگ و ڕادەی ناسیاویی زیرەک لە مەقاماتی مۆسیقا و جێگە و پێگەی ئەو لە مۆسیقای کوردیدا. خوێنەر دەتوانێ بۆچوونی هەموو مامۆستاکان لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان، بەسی سەدەی زیرەکدا بدۆزێتەوە. ئەوەش ئەدرەسی ماڵپەڕەکە:[٥٩]

- پەیژەی دەنگ- بە گوێرەی قسەی ئەو مامۆستایانە، دەنگی حەسەن زیرەک لەڕووی پەیژە و چەشنەکانەوە، بەتەواوەتی، دەنگی "تێنۆر"ە و هەندێ جاریش نزیک بۆتەوە لە ئاڵتۆ.... دەنگی لە چینی تێنۆر یا خوار تێنۆردایە و هەندێ جار خۆی داوە لە گڕ (Bass)... دەنگ و ژێکانی قورگی هەر لە خۆڕسکەوە جۆرێک لە دەنگ و تۆنی موزیکی تێدا خوڵقاوە کە زۆر جار لە تێکەڵییەکی چەند چینی دەنگی دەچێت کە لە یەک کاتدا گۆرانی بچڕن. ... لە دەنگی زیرەکدا جۆرێک لە جوانکاری و لەرینەوە یا فیبراتۆیەکی نەرم هەیە کە بە دەگمەن لە گۆرانیبێژانی دیکەدا بوونی هەیە... توانای لە چڕینی ئاوازەکاندا بێ سنوورە و لە هەموو چڕینێکدا سیمای نوێ بوونەوە و ئاست بەرزیی پێوەدیارە... دەنگی پاک و خۆشە، هێز و زیندوویی تیایە، جەرەسی دەنگی هەست و سۆزێکی تیایە، دەنگە ژێکانی قورگی ساز و ئامادەن بۆ چڕینی گۆرانی... دەنگێکی پڕ و تێری بووە، زۆرجار هەستت کردووە کە تێکەڵەیە لە چەند دەنگێک لە چەند چینێکی جیاواز. توانایەکی باشی لە پیادەکردنی دەنگ و مەودا دەنگییەکانی ناقو پەیژەی مەقامەکاندا بووە.

- چۆنیەتیی چڕین و وتن یا دەربڕین (ئەدا کردن)ی گۆرانی- دەنگی لەگەڵ هەموو ئەو گرووپ و کۆڕانەدا گونجاندووە کە بەشداریی تێدا کردوون... زۆر زیرەکانە و بوێرانە گۆڕانکاریی لە وتنی مەقامەکاندا کردووە.... مەقام خوێن نەبووە بەڵام لە مەقامی ڕاستدا لێهاتوویەکی مامۆستایانەی بووە و تێیدا بە تەواوەتی مامۆستا بووە... زیرەک شەیدا و تینووی مۆسیقا بووە.

[٥٩] www.bokan.de

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

- <u>پاراستنی ریتم</u>- بە دەگمەن دەبینین زیرەک هەڵەیەک بکات یاخود لە ڕیتم دەربچێت، یا نەشازێک بکات... زانیویەتی لە چ کاتێکدا جێگۆڕکێ بە مەقامەکان بکات... لادانەکانی داهێنەرانە بوون... "خالۆ ڕێبوار"ەکەی سەداسەد ئەڵلاوەیسییە و بە کەڵک وەرەگرتن لە ناسیاویی خۆی لە مەقامەکان، توانیویەتی بە جوانترین شێوە پێشکەشی بکات

- <u>ڕەسەنایەتیی دەنگ</u>- سۆزی بێ ئەندازە ڕەسەنی کوردی لە دەنگیدا بۆتە هۆی ناساندنی مۆرکی ڕەسەنی ئاواز و ستراني کوردی بە جیهان و بە تایبەت بە میللەتەکەمان.... ڕەسەنایەتی دەنگ و مۆسیقای زیرەک کارێکی کردووە تا ئەوکاتەی خەڵکی کورد بمێنن دەنگی ئەو و مامۆستایانی دیکەی مۆسیقاش دەمێننەوە... دەتوانین بڵێین مۆرکی ڕەسەنایەتیی مۆسیقای کوردی بە چرینەکانی زیرەک پێناسە دەکرێن.

- <u>مۆرکی کوردی لە مۆسیقای زیرەکدا</u>- زیرەک ئەگەر ئاوازێکی بیانیشی بگوتایە، بە دەنگە ڕەسەنەکەی خۆی، بە شێوازێکی ڕەسەنی کوردی دەیگوت. ژەنیاری عەرەب و فارس نەیانتوانیوە دەنگە کوردییەکەی بەلاڕێدا بەرن... پێموانییە زیرەک لەژێر کاریگەریی هیچکام لە موزیکی تورکی یا عوسمانی و فارسی و عەرەبیدا بووبێت، بەڵکوو بە ڕەنگێکی زۆر تایبەت گۆرانی گوتووە کە ئەو ڕەنگە لە فەرهەنگی وڵاتانیتردا بوونی نەبووە... ئەگەر ژەنیاران بە مۆرکێکی عەرەبی یان فارسی، کاری ژەندنیان بۆ کردبێت، کاتێ دەگەیتە سەر دەنگی ئەم، هەست بەو مۆرکە نامۆیانە ناکەیت.

- <u>زیرەک و شیعری گۆرانی و مەقامەکانی</u>- شاعیر بووە و ئیلهامی شاعیرانەشی زۆر بەهێز بووە، لە وێناکردندا زۆر بەهێز بووە. توانای لەبەر کردنی هۆنراوەی زۆر بووە...

- <u>جێگە و پێگەی زیرەک لە مۆسیقای نەتەوایەتیی کورددا</u>- کاتێ باس لە بنەماکانی موزیکی کوردی دەکەین دەبێ ڕاستەوخۆ دەست بۆ بەرهەمەکانی زیرەک ڕابکێشین و وەک یەکێ کە شوناسە زیندووەکانی موزیکی کوردی پێناسەی بکەین.

لە کۆتایی وتارەکەدا، پێویستە سپاسی زۆری ئەو برادەرە بەرێزانە بکەم کە بۆ نووسینی ئەم دێڕانە هاوکارییان کردم. لایەنی تەکنیکی شەجەرەنامەی زیرەک کاری بەڕێز نادر فەتحی (شوانە)یە و ناوی بەشێکی زۆر لە کەسوکار و خزمەکانی زیرەک، کاک شۆڕش دیاکۆ بۆی ئامادە کردووم،

سپاسی زۆری هەردوکیان دەکەم. هەروەها سپاس بۆ بەرێز حوسەین سالمی کە دەوروبەری مانگێک پێش کۆچی دوایی کاک حوسەین زیرەک، چووە ماڵیان و تۆمارکردنی دەنگی ئەوی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کاک نادردا، گرتە ئەستۆ. سپاسی کاک برایم فەرشیٚ دەکەم کە بە بابەتەکەدا چووەوە و بۆچوونی خۆی دەربڕی هەروەها چەند سەرچاوەی بەکەڵکی زانیاریی بۆ ناردم. جگە لەوان، کاک ئازاد محەمەدیان هاوکارییەکی دڵسۆزانەی کردم، سپاسی دەکەم.


---



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## پاشکۆ

وێنە و شەرحی "اظهارنامە"ی باوکی زیرەک بۆ وەرگرتنی ناسنامە لە ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکان



وزارت داخله

ورقه اظهارنامه

سجل احوال

شهر ........

قصبه ........

نمره اظهار نامه ........

قریه ........

نمره دفتر و لایق ........

در تاریخ ........ ماه ........ ۱۳

اظهار کننده ذیل

به معیت شهود ذیل

اسم و نام خانواده ........

شغل ........

منزل ........

اطلاعات راجعه به هویت شخص ذیل را به این طریق اظهار داشت :

اسم ........ تاریخ تولد ........ اسم و نام خانواده پدر ........

نام خانواده ........ محل تولد ........ نمره ورقه هویت پدر ........

شغل ........ سواد فارسی ........ شغل پدر ........

سن ........ مذهب ........ عده اولاد ........ اسم مادر ........

مسکن ........ عده عیال ........ درجه نسبت باظهار کننده ........

امضاء اظهار کننده

امضاء مأمور سجل احوال

امضاء شهود

ل - ۱۲٤۷

بسم الله الرحمن الرحیم

زندگینامه مرحوم استاد حسن زیرک

استاد مرحوم حسن زیرک در تاریخ ۱۳۰۰/۹/۸ در شهر بوکان متولد شد از همان دوران کودکی و نوجوانی علاقه زیادی به خواندن آواز داشت و با داشتن صدای منحصر به فرد توانست توجه همگان را به آواز خویش جلب نماید ایشان در دوران جوانی چندین بار به کشور عراق رفته و همکاری زیادی با رادیو و تلویزیون وقت عراق در بغداد داشت و در ایران نیز همکاری زیادی با هنرمندان بزرگی چون مجتبی میرزاده و گروه موسیقی ملی ایران داشته و ترانه های زیبا و بسیار زیادی از ایشان بجامانده که دراکثر اشعار و موسیقی . متن آن را نیز خودش ساخته .

وی بیش از ۱۵۰۰ ترانه در دوران زندگی خود اجرا نموده که اغلب این ترانه ها برروی کاست در کشوُرهای ایران و عراق و علی الخصوص مناطق کردنشین طرفدارن زیادی پیدا نموده است .

شادروان حسن زیرک در سال ۱۳۵۴ در شهر بوکان به علت بیماری سرطان کبد چشم از جهان فرو بست و بنا به وصیت خودش در دامنه کوه نعل شکن به خاک سپرده شد .

اداره کل ثبت احوال آذر بایجان غربي

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**نووسینەوەی دەقی بەڵگەنامەکە بە فارسی:**

*(نووسراوە و نیشانەکانی ناو کەوانی چوارگۆشە [...]، زیادکراوی منن یاخود ئەو شوێنانەن وا بۆم نەخوێنراونەتەوە):*

*[آرم شیر وخورشید]*

وزارت داخله

**(ورقه اظهارنامه)**

سجل احوال

شهر: -

قصبه: -

نمره اظهارنامه: ٧٥٣ *[؟]*

قریه: بوکان

نمره دفتر ولایتی: ٢ *[؟]*

---

٩٩٠٦٦٣ ب ٣

١٨/٩/٨ *[یا ٢٨ ؟] [= ١٩٣٩/١١/٢٩ [یا ١٩٤٠ز]]*

٢٨٠٩٨٥ ش *[...؟]*

٣٩/٢/٢٨ *[؟][= ١٨ یا ١٩٦٠/٣/١٩ز[؟]]*

*[؟]* ١٨

١٣٤٧ *[=١٩٦٩ یا ٧٠ز]*

**در تاریخ ١٣١٧/٧/١٦ = *[١٩٣٨/١٠/١١ز]***

**اظهارکننده ذیل:**

اسم و نام خانواده: عبدالله زله بوکانی

شغل: فلاحت

منزل: بوکان

**به معیت شهود ذیل:**

حاجی ابراهیم محمدیان

شغل: بزاز

منزل: بوکان

www.kurdistanukurd.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

حاجی عبدالله کریمی بوکانی
شغل: جراح
منزل: بوکان
*[مهر به رنگ سبز روی کلمات:*
*آرم شیر وخورشید*
*شناسنامه [...؟]*
اداره ثبت احوال مهاباد]

اطلاعات راجعه به هویت شخص ذیل را به این طریق:
اسم: حسن
نام خانواده: زله بوکانی *زیرک[خطی با مرکب آبی بر روی این دو کلمه کشیده شده، جلوی آن نوشته شده است: زیرک]*
شغل: ---
سن: ---
مسکن: بوکان
تاریخ تولد: هفتم قوس یکهزارو سیصد شمسی ۱۳۰۰*[قوس= آذر][=۱۹۲۱/۱۱/۲۹ز]*
محل تولد: بوکان
سواد فارسی: ندارد
عده اولاد: ندارد
عده عیال: ندارد
اسم و نام خانواده پدر: عبدالله زله بوکانی
نمره ورقه هویت پدر: ۷۵۰ *[؟]*
شغل پدر: فلاحت
اسم مادر: آمینه
درجه نسبت به اظهار کننده: پسر ...*[؟]*

---

امضاء اظهار کننده: *[یک اثر انگشت]*
*[مهر مستطیلی شکل آبی رنگ]*: مأمور سجل احوال ساوجبلاغ مکری
امضاء مأمور سجل احوال: *[امضاء دیده نمیشود]*

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

امضائ شهود: *[دو عدد مهر بیضی و دایره‌ای شکل به رنگ آبی. نوشته‌های روی مهر به‌خوبی خوانده نمیشوند ولی بر روی یکی از آنها کلمه "محمد" یا "محمدیانی" قابل رویت است که باید متعلق به شاهد نخستین یعنی حاجی ابراهیم محمدیان باشد]*

*[عکس یک نوجوان، که قاعدتا باید متعلق به صاحب شناسنامه یعنی حسن زیرک باشد، با دو سنجاق به ورقه الصاق شده است و به احتمال زیاد محل امضاء مأمور سجل احوال را پوشانده است]*

هەندێک ڕوونکردنەوە و تێبینی:

- بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، نەمر حەسەن زیرەک، لە ڕۆژی ١٣٠٠/١١/٧ ی هەتاوی لە شاری بۆکان لەدایک بووە. ئەو ڕێکەوتە بە گوێرەی ڕۆژژمێری زایینی، دەکاتە ٢٨ یان ١٩٢١/١١/٢٩ی زایینی. دیارە ئەوە بەگوێرەی ئەو 'ئێزهارنامە'یەی وا باوکی و دوو شاهیدەکە پڕیان کردۆتەوە. بەڵام سەیرێکی ساکاری وێنەکە دەریدەخات کە تەمەنی خاوەنەکەی تەنانەت بە دە ساڵیش لەو حەوت ساڵانەی وا گوتراوە، زیاتر بووە؛ مەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بین کە وێنەکە لە ساڵانێکی دواتردا لە بەڵگەنامەکە دراوە و ئەوەش بۆ ئیداراتی ئێران، نەک هەر ئەو ئیدارەی ئامارە بە تەنیا، شتێکی سەیر و سەمەرە نەبووە.
- لە کاتی وەرگرتنی ناسنامەکەدا، ناوبراو ئیش وکاری نەبووە یان بۆی تۆمار نەکراوە.
- ئاشکرایە لەو تەمەنەدا هاوسەر و منداڵی نەبووە. سەرنجڕاکێشە لە شوێنی پرسیاری هاوسەر و منداڵدا پرسیارەکەدا بەم شێوەیە کراوە: ژمارەی هاوسەران! ژمارەی منداڵان.
- لەو ساڵەدا خوێندەواریی نەبووە. خاڵی گرنگ ئەوەیە بەڵگە فەرمییەکە پرسیاری "*خوێندەواریی فارسی*" دەکات نەک خوێندەواریی بەگشتی. واتە ئەگەر کەسەکە خوێندەواریی کوردی یان تورکی یان عەرەبی بوو بێت، شوێنێک بۆ تۆمار کردنی دیاری نەکراوە! ئەوەش لەگەڵ سیاسەتی ڕەزاشاییدا یەک دەگرێتەوە. ڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٠٤ ەوە تا ١٣٢٠ [١٩٢٥ تا ١٩٤١ز] شای ئێران بووە.
- ناوی "ورقه هویت" درەنگتر بوو بە "شناسنامە". ئەوەش بەگوێرەی سیاسەتی "فارسیزە" کردنی وشە عەرەبییەکان، کە لە سەردەمی ڕەزاشادا پەیڕەو دەکرا.
- وەک پێشتر گوترا، لە بەڵگەنامەکەدا، ناوی بنەماڵەیی حەسەن زیرەک لە سەردەمێکی نەزانراودا، بە دەستخەتێکی جیاواز و بە جەوهەرێکی شین، هێڵی لەسەر کشاوە و کراوەتە "زیرک"

لەو پەیوەندییەدا دەبێ بگوترێت لە دەستەڕاستی بەڵگەنامەکە بە جەوهەری سوور نووسراوە: "راجع به نام خانوادگی به ظهر سند مراجعه شود" واتە سەبارەت بە ناوی بنەماڵەیی [شوهرەت] سەیری



www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پشتەوەی بەڵگەنامەکە بکەن" بەڵام بەداخەوە ئەو بەشەی لەسەر ماڵپەڕی ئیدارەکە کۆپی نەکراوە و ڕانەگەیەنراوە.

من هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیکەم لەسەر ئەو بەڵگەنامەیە نییە. بەڵام سەرنجی خوێنەر بەرەو یەک خاڵی گرنگ ڕادەکێشم:

ئەگەر ژیننامە شیعرییەکەی زیرەک بە بنەما و بەڵگەی سەرەکی وەربگرین، کاک عەبدوڵڵای باوکی دەبێ پێش ئەوەی زیرەک ببێتە ٨-٩ ساڵان کۆچی دوایی کردبێت، کە ئەوەش لەگەڵ نووسراوەی سەر ئەو ئیزهارنامەیەدا یەک دەگرێتەوە، واتە مردنەکەی ساڵێک و دوان دوای پەنجەمۆر کردنی ئەم بەڵگە فەرمییە.

ئێستا با بە کێشەی وێنەی سەر بەڵگەنامەکە ڕابگەین. ئەو وێنەیە هی منداڵێکی حەوت ساڵان نییە و دەبێ یا ڕێکەوتی بەڵگەکە بە هەڵە نووسرابێت و دەساڵێک دواتر بۆی دەرچووبێت؛ یان وێنەکە ساڵانێکی دواتر (تۆ بڵێ ١٠ ساڵ دوای دەرچوونی بەڵگەنامەکە)، لەوێ دانرابێت.

لە ئەگەری یەکەمدا دەبێ بەڵگەکە بە ڕاست و بێ خەوش وەربگرین و ئەو ڕۆژ و مانگ و ساڵەش بە مەوالید واتە 'تاریخ تولد'ی زیرەک بزانین، کە بەکردەوەش هەروا کراوە و بۆ نموونە ئەم ڕێ و ڕەسمی سەدساڵەی لە دایکبوونی زیرەکیش لەسەر بنەمای ئەو ڕاست بوونە دانراوە.

لە ئەگەری دووەمدا، پێویستە قەبووڵی بکەین زیرەک دەساڵێک دوای دەرچوونی بەڵگەکە، چووبێتە ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی بۆکان، وێنەی ئەو تەمەنەی خۆی پێدابێتن و لە عەینی کاتدا ناوی بنەماڵەیی خۆی لە 'زلەی بۆکانی'یەوە کردبێتە 'زیرەک'.

لەو دوو ئەگەرە، کامەیان ڕاست و تەواوە؟ من نازانم؛ بەڵام لام وانییە ئەگەرێکی سێهەم بوونی هەبێت.

www.kurdistanukurd.com
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



هۆکاری هەرەگرنگ و سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی خۆشەویستیی زیرەک لای کۆمەڵانی خەڵک و زیندوومانەوەی گۆرانییەکانی لەو ماوە دوورودرێژەدا، پەیوەندی نزیکی ئەوە لەگەڵ فەرهەنگ و داب و نەریتی بیسەرانی گۆرانییەکانی". کورد گۆرانیبێژی کەم نەبووە و زۆرێک لەوان دەنگخۆش و خۆشەویستی لای خەڵک بوون، بەڵام بۆچی گۆرانییەکانی زیرەک زیاد لە هەموو گۆرانیبێژێکی دیکەی کورد کۆپی دەکرێن و چەند نموونەی خۆی بە جل وبەرگی هاوشێوەی ئەوەوە، لە شار و ناوچەکانی کوردستان سەرهەڵدەدەن و گۆرانییەکانی بەبێ دەست تێوەردان و گۆڕانکاری (تەنانەت لە شیعرە فۆلکلۆرییەکانیشی) دەڵێنەوە؟ چی لە مۆسیقای زیرەکدایە کە توانیویەتی سنووری زەمەن ببڕێ و لە سەردەمی ژیانی خۆیەوە بیگەیەنێتە نەسلی دووهەم و سێهەمی دوای ئەو؟ بەکورتی، ڕاز و ڕەمزی بەردەوامبوونی خۆشەویستیی هونەری زیرەک تا ماوەیەکی سەدساڵە و واهەیە دوای ئێمەش، چییە؟

وەڵامی پرسیارەکە لە بەردەوامبوون و درێژەی فەرهەنگی سەدساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا دەدۆزرێتەوە. لەلایەکەوە مۆسیقای گۆرانییەکانین کە بەشێکی زۆری خەڵک دەگەڕێننەوە سەردەمی کۆنی ژیانیان و برینی نۆستالژیکیان سارێژ دەکەن؛ لەلایەکی دیکەوە شیعری گۆرانییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە بەشێک لە کۆمەڵگاکەمان ئێستاش لە هەلومەرجی ژیانی خێڵەکیدا ماونەتەوە و لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، خەڵکەکە لەجیاتی شیعری پاکردە و بێ گرێ وگۆڵی دانیشتووانی شار، حەزیان لە شێعرێکە بتوانێ ئاوێنەی فەرهەنگی ساکاری گوند و داب و نەریتی ژیانی ناو چیغ و چادریان بێت و داب و ڕەسمی ئەودەمانەیان بۆ زیندوو ڕابگرێ